# نەوژین

ژمارە (٤٢) حوزەیرانی ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




ئەو ژنە شاعیرەی بەسەر شیرپەنجەدا سەرکەوت

7««

ئەو ژنانەی رو لە شەڵتەرەکان دەکەن روبەڕوی بێزران دەبنەوە 4««



(پاریا) دەستپێشخەرییەکی رۆژنامەوانی ژنانی گەرمیان 9««




ئەزمونی ژنە پەرستارێکی توشبوی کۆرۆنا 10««



# ژنان (1.6%)ی هێزە ئەمنیەکانی گەرمیان پێکدەهێنن



■ نەوژین

**ڕێژەی بەشداریی ژنان لە هێزە ئەمنیەکان دا لەگەرمیان بە بەراورد بە پیاوان زۆر کەمە و دەگاتە ٦ ,١٪، چالاکوانیش گرێی دەدەنەوە بە هۆکاری کۆمەڵایەتیەوە.**

بەپێی بەدواداچونێکی بنکۆڵکاری (نەوژین)، ڕێژەی ڕۆڵگێڕان و بونی ژنان لە هێزە ئەمینەکان دا لەگەرمیان زۆر کەم و سنوردارە، بەشێوەیەک ناگات بە ٢٪، هەروەک لە کۆی چوار بەڕێوبەرایەتی ئەمنی لە گەرمیان ژنان بە رادەی جیاواز بەشدارن. زۆرترین بەشدارییان لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنانە، کە ٣٧ ژن لە ریزەکانی دایە.
فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنانی گەرمیان، لەبارەی ئەو ڕێژەیەی لە ناو هێزەکانیان دا هەیە وتی: «ئەم ڕێژەیە ئێستا هەیە لە گەرمیان زۆرباشە بەبەراورد بە ناوچەکانی دیکە».
بەشداریەکە لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە ژمارە بریتییە لە (٣١) ژن، لەو ڕێژەیە هەمویان پۆلیسن و تەنیا یەک ژن پلەی عەمیدی مافپەروەرە و لێپرسراوی بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەییە. هاوکات ژنان کەبەشدار لەم دەزگا ئەمنیانە بەشی زۆریان کاری ئیداری دەکەن نەوەک مەیدانی.
وەک وتەبێژی هاتوچۆی گەرمیان ئاماژەی بۆ دەکات کە ئەو ٩ ژنەی لە ریزەکانی هاتوچۆی گەرمیان کاردەکەن، کارەکانیان مەیدانی نیە، بەڵکو کاری ئیداری دەکەن.
ئەم رەوشە لە زۆربەی دەزگاکانی تریشدا هەیە و بەشداریی ژنان زۆرتر لە کاروبارە کارگێڕیەکاندا کورت کراوەتەوە.
بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست (نەوژین) کەوتون، کەمترین ڕێژەی بەشداری ژنان لە ریزەکانی ئاسایشی گەرمیانە کە تەنها ٦ ژنە.
دەقی ئەو راپۆرتە لە لاپەڕە (٣)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا دەخوێننەوە.



متمانەکردن بە ژنانی پارێزەر زیادیکردوە 6««

## گەرمیان: 5 ژن بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە

■ نەوژین

**ژمارەی گیان لەدەستدان بەهۆی کۆرۆنا تا ئێوارەی ٢٠٢٠/٦/٢٧ بریتیە لە ١٢ حاڵەت، پێنج حاڵەتیان ژنن.**

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، لە پاش بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەگەرمیان تا بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢٧، ١٢ کەس گیانیان لەدەستداوە کە ٧ پیاو و ٥ ژنن.
ئامارەکە دەریدەخات یەکەم هاوڵاتی کە لە گەرمیان بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا ژنێک بو، دوا ژنیش کە بەهەمان ڤایرۆس گیانی لەدەستداوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٧ بوە.
هاوکات بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، ژمارەی توشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەرمیان تا ئێوارەی ٢٠٢٠/٦/٢٧ (٦٥٨) کەس بون.
هاوکات وەزارەتەکە رونی نەکردوەتەوە لەو ڕێژەیە چەندی لە رەگەزی نێرە و چەندی لە رەگەزی مێیە.
لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش کۆی توشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەتا ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٧ گەیشتوەتە (٥٥٣٣) هاوڵاتی و کۆی گیان لەدەستدانیش بەو ڤایرۆسە (١٨٠) حاڵەتە، هاوکات کۆی چاکبونەوەش گەیشتوەتە (١٦٣٤) حاڵەت.

# ئەو ژنانەی رو لە شەڵتەرەکان دەکەن روبەڕوی بێزران دەبنەوە

■ نەوژین، سروە کەریم

**بەهۆی نائاشنایی ونامۆیی بابەتەکەوە، بەشێک لەو ژنانەی بۆ پاراستنی ژیانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان رو لە ماڵی داڵدەدانی ژنان دەکەن، لە دوای گەڕانەوەیان توشی بێزران و کێشەی دیکە دەبنەوە.**



ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو کە بە (شەڵتەر) ناودەبرێت، لە زۆر شار و پارێزگای هەرێم دا بونی هەیە، بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژنانەی روبەڕوی مەترسیی یان هەڕەشە دەبنەوە لەسەر ژیانیان.

ئەو ژنانەی رو لە شەڵتەرەکان دەکەن، باس لەوە دەکەن کە سەرباری چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام رەفتاری خێزانەکانیان بەرامبەریان گۆڕاوە.

ئاوێزە، ناوی خوازراوی ژنێکی گەرمیانە، بەهۆی کێشەیەکی خێزانیەوە پەنای بۆ شەڵتەر بردە و (١٠) رۆژ لەوێدا ماوەتەوە.

وتی: پاش ئەو ماوەیە کێشەکەم چارەسەر کرا و گەڕامەوە ماڵەوە، ئەمەش مایەی دڵخۆشیم بو، بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردم، ئەوەبو کە پاش گەڕانەوەم هەڵسوکەوتی ماڵەوە و تەنانەت دەوروبەریش لەگەڵمدا گۆڕا.

باس لەوەدەکات کە خێزانەکەی پێیانوایە ئەو توشی عەیبەی کردون، لەکاتێکدا ئەوەی ئەو کردویەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی و پاراستنی ژیانی بوە.

لە گەرمیاندا شەڵتەرێکی کاتیی داڵدەدانی ژنان هەیە، کە بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر ژنانێک لەخۆدەگرێت کە هەڕەشەیان لەسەر بێت. ئەو شەڵتەرە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیە، ئەو ژنانەشی روی لێدەکەن لە رێگەی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و بە فەرمان و ئاگاداریی دادوەری تایبەت بە دۆسیەکانی توندوتیژی، دەنێردرێن.

رائید: فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنان لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد ژمارەی ناردنی کەیسەکانی ژنان بۆ شەڵتەر لەساڵی (٢٠١٨)دا (٣٣) حاڵەت بوە و لە (٢٠١٩)دا (٢٧) حاڵەت و لە پێنج مانگی سەرەتای (٢٠٢٠)دا (٧) حاڵەت بوە.

ئەو ژنانەی رو لە شەڵتەر دەکەن، بەگوێرەی چەند رێکارێکی یاسایی و کارگێڕیی و پاش چارەسەرکردنی کێشەکەی و بەڵێندانی کەسوکارەکەی بە پاراستنی، ئەوکات بە فەرمانی دادوەر و رەزامەندی خودی ژنەکە، رێگە دەدرێت بچێتەوە ناو خێزانەکەی.

رائید: فریاد هیدایەت، ئاماژەی بەوەکرد: ئەگەر دادگا دڵنیابێت لە نەبونی مەترسی لەسەر ژیانی ژنەکە، ئەوکات داواکەی قبوڵ دەکات بۆ جێهێشتنی شەڵتەر و گەڕانەوەی بۆ ناو خێزانەکەی، هەروەک بەڵێننامەی (تعهد) پاراستنی ژیانی ژنەکەش بە کەسوکارەکەی پڕدەکرێتەوە.

کێشەی بەشێک لەو ژنانە ئەوەیە کە پاش گەڕانەوەیان بۆ ناو خێزانەکانیان، توشی هەڵوێستی خراپ و هێرش و بێزران دەبن.

شنە، ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن (٢٠) ساڵانە. پاش گەڕانەوەی لە شەڵتەرەوە، رەفتاری خێزانەکەی بەرامبەری خراپتر بوە.

بە خەمبارییەوە وتی: خێزانەکەم وەک بەشێک لەخۆیان لێم ناڕوانن و حسابی مرۆڤێکی خراپم بۆ دەکەن، بە رقەوە رەفتارم لەگەڵ دەکەن، ئەمەش توشی ئازارێکی زۆری دەرونیی کردوم.

ئەم حاڵەتەی کە ئەو کچەی تێکەوتوە، حاڵەتێکی بەربڵاوە، ئەمەش بەوتەی چالاکوانێک.

ڤیان سابیر، چالاکوانی مافەکانی ژنان، بۆ (نەوژین) وتی: بەپێی ئەو حاڵەت و کەیسانەی ئێمە لێیان ئاگادار بوین، ژنان دوای گەڕانەوەیان روبەڕوی دو حاڵەت بونەتەوە، یان توشی کێشەی زیاتر بون تاڕادەی (کوشتن)، یان قبوڵکراون و گەڕێندراونەتەوە نێو خێزانەکانیان.

باس لەوەشدەکات بەگشتی کۆمەڵگا رێگا نادات ژن بەو جۆرە سەربەخۆییە رەفتار بکات، هەربۆیە ژنانیش زۆرینەیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و پەنا بۆ هیچ رێکخراو و ناوەند و شەڵتەرێک نابەن، بۆئەوەی توشی بێزران و قسەی کومەڵگا نەبنەوە.

نەک هەر بۆ ئەو ژنانەی رو لە شەڵتەر دەکەن، بەڵکو کۆمەڵگا قسەش لەسەر ئەو کەسانەش دەکات کە لە شەڵتەرەکاندا کاردەکەن.

شلێر عومەر، بەڕێوبەری ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی گەرمیان، باس لەوەدەکات لەسەرەتای دەستبەکاربونی دا، خەڵکانێکی نزیکی پێیان وتوە باشترە لەوێ کار نەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو داخراویەی لە بیرکردنەوەیان دا هەیانە.

وتیشی: بەلای کۆمەڵەوە نەشیاوە ژنێک داوای مافی خۆی بکات، چ بگاتە ئەو ئاستەی ماوەیەک لەماڵ دابڕێت و رو لە پەناگە بکات، بەڵام سەرباری ئەوەش ئێمە هەمیشە هەوڵی جدی دەدەین بۆ کارکردن لەسەر کەیسی ئەوانەی رومان لێدەکەن و هەوڵی یەکخستنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەدەین و دوای رۆشتنیشیان لەلای ئێمە، ئاگامان لێیان دەبێت.

---

# خەرجیی، کێشە قورسەکەی هاوسەران



■ نەوژین، ئالا عادل

**ئەگەرچی دو ساڵ یەکیان خۆش ویست، کەچی نەیانتوانی ٦ مانگ لەگەڵ یەکدا بژین، ئەویش بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە بیروبۆچونیاندا هەبو لەبارەی خەرجیەکانیان و شێوازی بەڕێوەبردنی.**

خەرجیی و چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی خێزان و رەزیلی و دەستبڵاویی، لەکێشە دیارەکانی هاوسەرەکانن، کە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، سەردەکێشێت بۆ کێشەی گەورەتر کە تادەگات بە جیابونەوە.

بەڕای ئەو هاوسەرانەی ئەزمونی ئەم کێشەیەیان کردوە، بەشێکی بۆ چاولێکەری دەگەڕێتەوە.

حسێن، ٢٥ ساڵ، ماوەی ساڵێکە لە هاوسەرەکەی جیابوەتەوە، ئەگەرچی دو ساڵ خۆشەویستی یەک بون و تەنها ٦ مانگ هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوام بو.

وتی: بەهۆی ئەوەی مانگانەکەم کەم بو بەشی ئەوەی نەدەکرد هەمو پێداویستیەکانی جێبەجێبکەم، بۆیە جیابوینەوە، چونکە هاوسەرەکەم داوای شتی زۆری دەکرد و هەمیشە ئەیوت من لەخەڵک کەمترم هەیە و بەوە رازی نەبو کە هەمانبو.

لەبەرامبەردا ژنان رایانوایە کە ئەوان وەک هەمو مرۆڤێک دەیانەوێت ژیانێکی خۆش و باش بژین، داواکاریەکانیشیان لەو سۆنگەوەیە.

رێژین، ٢٤ ساڵ، باس لەوەدەکات ماوەی دو ساڵە لەگەڵ هاوسەرەکەی دا کێشە و ناکۆکیان هەیە لەبارەی خەرجیی و داهاتەوە.

ئەو پێیشوایە کە مافی خۆیەتی داواکاری هەبێت و بیەوێت ژیانێکی خۆشی هەبێت، بەڵام زۆرجار پیاوان ئەمە دەکەنە بیانو و ژنی پێ تۆمەتبار دەکەن.

نابێت ژن و پیاو فشار بخەنە سەر یەکتری

بنەڕەتی کێشەکە بۆ لێکتێنەگەیشتنی هەردو هاوسەرەکە دەگەڕێتەوە، کە دەگات بەوەی هەر یەکەیان ئەوی دیکە تۆمەتبار بکات، ئەگینا نمونەی زۆری ژنان و پیاوان هەن کە لە دۆخێکی دارایی ئاساییشدا ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن.

سۆلاف، ٢٧ ساڵ، باس لەوەدەکات کە داهاتی مانگانەی خێزانەکەیان ٣٥٠ هەزار دینارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە دو منداڵیان هەیە، ژیانێکی خۆش دەژین.

وتی: خۆشبەختانە نە من و نەمێردەکەم دەستبڵاو نین و هەردوکمان هاوکارین تا داهاتەکەمان بەشی تەواوی مانگەکەمان بکات و لەو روەوە تێگەیشتنێکی تەواومان هەیە.

هەر ئەم تێگەیشتنەیە کەوایکردوە (سۆلاف) وا هەست بکات ئەو ٨ ساڵەی کە هاوسەرگیرییان کردوە، ٨ رۆژە.

پیاوێکیش جەخت لەوەدەکاتەوە پێویستە ژن و پیاو لەیەک تێبگەن و بەپێی داهاتیان خەرجییان هەبێت.

شوان، ٥٢ ساڵ، ٢٤ ساڵە هاوسەرگیری کردوە، وتی: هێشتا خانوی خۆمم نیە و کرێکارم، بەپێی توانا پێداویستیەکانی هاوسەر و خێزانەکەم جێبەجێکردوە، لەهەمانکاتیشدا هاوسەرەکەم وازی لە زۆرێک لەو شتانە هێناوە کە دڵی ئارەزوی کردوە لەبەر راگرتنی دۆخی داراییمان بە باشی.

پرسی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لایەنی دارایی خێزان، لە پرسە گرنگ و هەستیارەکانە، بۆ ئەمەش پێویست دەکات هاوسەران بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

نەرمین حسێن، توێژەری دەرونی، ئاماژەی بەوەکرد پێویستە پێش هاوسەرگیری و لەکاتی هاوسەرگیرییش دا، ژن و پیاو تێگەیشتنی تەواویان هەبێت لەروی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی باری داراییان.

جەختیشیکردەوە: نابێت ژن و پیاو فشار بخەنە سەر یەکتری، بەڵکو دەبێت هاوکاری یەکتر بن.

ئەو توێژەرە ئاماژەی بەوەشکرد ئێستا زۆرێک لە ژنان بەشدارن لە دابینکردنی بژێویی خێزانەکانیان، بۆیە دەبێت هەردوکیان بە بەرپرسیارێتی و دور لەکێشەوە، دۆخی داراییان ببەن بە رێوە.

# گەرمیان: ژنان دەزگا ئەمنیەکانیان چۆڵکردوە بۆ پیاوان



■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**لە گەرمیان ژنان بە ڕێژەی ٦ ,١٪ بەشدارن لە ریزی هێزە ئەمنیەکان دا، چالاکوانێکی ژنان بونی ئەم ئامارە دەبەستێتەوە بەو تێڕوانینەی کۆمەڵگا کە دەڵێن: «ژن ناسکە و نابێت مامەڵە لەگەڵ چەک بکات»، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت: «ناکرێت ئەم داتایە بە ئاسانی وەربگرین، دەبێت کاری جدی لەسەربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەکە».**

ئەگەرچــی ژنان بە ڕادەیەکی بەرچاو لە کەرتی حکومی دا لەگەرمیان بەشدارن و لەم چەند ساڵەی ڕابردوشدا بەشدارییان لە کەرتی تایبەت دا بەرەوپێشەوەچوە، بەڵام بەشـــدارییان لە بــواری ئەمنی دا زۆر کەم و سنوردارە.

ئەم ســنوردارییەش وەک خودی ژنان و چاودێــران هێمای بۆ دەکــەن، هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆری هەیە.

### ژمارەی ژنان لە هێزە ئەمنیەکانی گەرمیان

لە کــۆی چــوار بەڕێوبەرایەتــی ئەمنی لــە گەرمیــان ژنــان بــە ڕادەی جیاواز بەشدارن.

زۆرترین بەشـــدارییان لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونـــەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنانە، کە ٣٧ ژن لە ریزەکانی دایە.

فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونـــەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنانی گەرمیان، لەبارەی ئەو ڕێژەیەی لە ناو هێزەکانیان دا هەیە وتی: «هەمیشە وتومــە گرنــگ ڕێژە نیــە، گرنگ چالاک بونــە، وەک ژمــارە ئەم ڕێژەیە ئێســتا هەیە لە گەرمیان زۆرباشە بەبەراورد بە ناوچەکانی دیکە».

بەشـــداریەکە لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە ژمارە بریتییە لە (٣١) ژن، لــەو ڕێژەیە هەمویان پۆلیســن و تەنیا یــەک ژن پلەی عەمیــدی مافپەروەرە و لێپرسراوی بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەییە.

عەلــی جەمــال قــەدوری، وتەبێــژی پۆلیســی گەرمیان، لەبارەی بەشـداری ژنــان لــە هێزەکانیانــدا بــۆ (نەوژین) وتــی: «ئــەوەی هەیــە (١٪)ی هێزەکە پێکدەهێنــن کە ئەمــەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە».

هــاوکات ژنــان کەبەشــدار لــەم دەزگا ئەمنیانە بەشــی زۆریــان کاری ئیداری دەکەن نەوەک مەیدانی.

وەک وتەبێــژی هاتوچــۆی گەرمیــان ئامــاژەی بــۆ دەکات کە ئەو ٩ ژنەی لە ریزەکانی هاتوچۆی گەرمیان کاردەکەن، کارەکانیــان مەیدانی نیــە، بەڵکو کاری ئیداری دەکەن.

ئــەم ڕەوشــە لــە زۆربــەی دەزگاکانی تریشــدا هەیە و بەشــداریی ژنان زۆرتر لــە کاروبــارە کارگێڕیەکانــدا کــورت کراوەتەوە.

بــە پێــی ئــەو زانیاریانــەی دەســت (نەوژیــن) کەوتــون، کەمتریــن ڕێژەی بەشــداری ژنان لە ریزەکانی ئاسایشــی گەرمیانە کە تەنها ٦ ژنە.

### هۆکارەکانی کەمی ڕێژەی ژنان لە هێزە ئەمنیەکان

وەڵامەکان بۆ پرســیاری هۆکاری کەمی بەشــداریی ژنــان لە هێــزە ئەمنیەکان، تاڕادەیــەک چونیەکــە، چ لەلایــەن چالاکوانانــی مافەکانــی ژنــان، یاخود بەرپرسانی هێزە ئەمنیەکانەوە.

شــەیما جەمــال، چالاکوانــی مافەکانی ژنان، ئەمە دەبەستێتەوە بە دو هۆکار، دەڵێــت: کلتوری ئێرە نەگەشــتوە بەو ئاســتەی ئاســایی بێــت ژن لە ســلکی ئەمنــی و ســەربازی کاربــکات و ڕۆڵی هەبێــت، تاوەکــو ئێســتا ئەو قســە و ڕایــە باوە کــە دەڵێت: «ژن ناســکە و نابێــت کار و مامەڵەی لــە گەڵ چەکدا هەبێت!».

هۆکاری دوەمیشــی گرێدایــەوە بە ژنان خۆیــان کە پێیانوایە ناتوانن لەو کارەدا بــەردەوام بــن، چونکــە بەوهۆیەی کە ئەگــەر بڕۆنە ناوەندە ئەمنیەکان خۆیان و خێزانیــان ڕوبەڕوی توانــج دەبنەوە. بە پێویستیشــی دەزانێت هەم کۆمەڵگا هۆشــیاربێتەوە و هــەم ژنــان لــەوە بەهێزتربن توانج بیانڕوخێنێت.

ڕای وتەبێــژی پۆلیســی گەرمیــان لەمبارەیەوە جیــاوازە، ئەو وایدەبینێت لە پێشوتردا عەیبە بوە ژنان بەشداربن لــە ریزەکانی پۆلیس بۆیــە ڕێژەکە بەو شــێوەیەیە، بــەڵام ئێســتا تاڕادەیــەک گــۆڕاوە و وردەوردە ژنــان دیواری ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان ڕوخاندوە.

کەواتــە کرانەوەکــە وەک وتەبێــژی پۆلیســی گەرمیــان دەیڵێت، لــە کوێدا هەســتی پێکــراوە؟ «لــە ســاڵی ٢٠١٠ کــە دەرگای بەشــداری لەنێو هێزەکانی پۆلیــس کرایەوە ئــەم ژمارەیە هاتوەتە نێــو ریزەکانــی پۆلیســەوە کە پێشــتر نەبــون، واتە ئەم ڕێژەیەی هەیە نوێیە، بۆیە پێشــبینی ئەکەین دەرفەت هەبێت ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە». (عەلی جەمال) وای وت.

### گرنگی بونی ژنان لە ریزی هێزە ئەمنیەکان

لێپرســراوی بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەیی لــە بەڕێوبەرایەتی پۆلیســی گەرمیان، لەســەر ئەو خاڵە وەستا کە «بەشداری ژنان گرنــگ و پێویســتە، بەتایبەت لە بەشەکەی ئەوان.

عەمیــدی مافپــەروەر: لەمیعە محەمەد، لێپرســراوی بەشی پۆلیسی کۆمەڵگەیی لــە بەڕێوبەرایەتی پۆلیســی گەرمیان، هــاوکات تاکــە ئەفســەری مێینەیــە لە بەڕێوبەرایەتیەکەی دا، باســی لەوەکرد لە بەشــەکەیان دا هیچ پۆلیســێکی ژن نیــە، کــە ئەمــەش وەکخــۆی دەڵێت: «گرفتێکی گەورەیە، چونکە دەبێت ژن پێکهێنەری نیوەی ئەو بەشەبێت، بەڵام لێرە وانیە».

چالاکوانانــی ژنانیش بــە پێداگیرییەوە باســی گرنگی ژنان دەکەن لە سێکتەرە ئەمنیەکان دا.

شــەیما جەمــال، بەرپرســی کۆمەڵەی ئافرەتانــی کوردســتان لــە ڕزگاری، ئامــاژەی بــە چەند نمونەیــەک کرد کە ژنان کێشــەیان هەبوە کــە پێیانوتراوە لە فڵان بنکە یاخود فڵان شــوێن سکاڵا بکە، پرســیویەتی ئەگەر پیــاوە ناچم، واتــە نەبونی ژن یان بونیــان بەو ڕێژە کەمــە بــە تــەواوی کاریگــەری نەرێنی جێهێشتوە بەسەر کەیسەکانی ژنان لەو دەزگایانە.

### چی کراوە بۆ هاتنە پێشەوەی ژنان لە هێزە ئەمنیەکان دا؟

ئەگــەر کلتور و دابونەریت ڕێگر بێت لە بەشداری ژنان لە ریزی هێزە ئەمنیەکان، کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا هیچ هەوڵێک هەیە بۆ هاتنە پێشــەوەی ژنان لەم مەیدانەدا؟

عەلی جەمال قەدوری، دەڵێت: «ماوەی ٨ ســاڵ دەبێــت دامەزراندن وەســتاوە لــە ریزەکانــی پۆلیس، بــەڵام لەماوەی ڕابــردودا ڕێژەیەکی باشــمان بــۆ ژنان دیــاری کردبو بۆ ئەوەی بەشــدار بن و بێنــە ریزەکانی پۆلیــس، کەچی خۆیان نەهاتن».

باســی لەوەشکرد: هەوڵی تەواو دەدەن لــە کاتی کردنــەوەی خولێکــی دیکەی وەرگرتنی پۆلیســدا ڕێژەیەکی زۆری بۆ ژنــان دابنێــن، چونکە وەکخــۆی وتی: «ئێســتا ژنان جیاوازتــرن و ئاگەدارین کە دەیانەوێت بەشدار بن».

هــاوکات وتەبێــژی بەڕێوبەرایەتــی هاتوچــۆی گەرمیــان دەڵێــت: ئێمــە زۆرمان پێخۆشــە ژنان ئەو قۆناغە ببڕن و بەرێــژەی بەرچاو لەنــاو دەزگاکەمان بەشدار بن.

کارزان مەجیــد، وتیشــی: «ژنان نەک تەنهــا وەک کارمەندی ئاســایی، بەڵکو پێویســتمان بــە ئەفســەری ئافرەتە لە ریزەکانی هاتوچۆ دا».

لەبەرامبــەردا ئــەم بابەتــە زۆرتر وەک هیــوا و خواســتن ماوەتەوە و هەوڵێکی جیدیی بە ئاقاری بەشداریی پێکردنیان نیە.

شــەیما جەمــال، دەڵێــت: «هیــچ هەنگاوێکــی فیعلــی نەنــراوە بــۆ ئــەم بابەتــە، ئەگــەر لێرەولــەوێ شــتێک وترابێت، تەنها بەزارەکی بوە».

لەبــارەی ئەوەشــی دەتوانرێــت چــۆن ڕێژەکە بەرزبکرێتەوە؟ جەختی کردەوە کــە دەبێت ژنان خۆیــان بە پلەی یەک دەستپێشــخەربن، هــەروەک ژنانــی ناو حزبــە سیاســیەکان و ڕێکخــراوەکان دەبێت بە فیعلی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ژنان لە دامەزراوە ئەمنی و ئاسایشیەکان دا.

### ڕێژەی بەشداریی ڕەگەزی مێ بەرامبەر بە نێر

ئەگــەر بەراوردێکــی گشــتی بکەیــن، دەبینیــن لــە گەرمیــان دا پیــاوان پێکهێنــەری زیاتــر لــە ٩٨،٤٪ هێــزە ئەمنیەکانــن، لە بەرامبــەردا ژنان تەنها ١،٦ ٪ هێزە ئەمنیەکانیان پێکهێناوە.

### پلانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم پرسە چیە؟

ســەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاســایش و ئەنجومەنــە خۆجێیەکان لــە پەرلەمانی کوردســتان، ئاماژە بەوەدەکات بەجدی کار لەســەر ئەو پرســەدەکەن، چونکە وایدەبیــن بەشــداری ژنــان گرنگیەکــی پێویستە لە هێزە ئەمنیەکان دا.

شــاخەوان ڕەئــوف، بــۆ (نەوژیــن) وتــی: «ناکرێــت ئــەو داتاییــەی لە لە ڕاپۆرتەکەدا پێی گەشتون هەروا ئاسان ببینرێــت، هەربۆیە کاری جدی لەســەر دەکەین».

جەختیشــی کــردەوە: ئــەم پرســە بە گرنگیەکی زۆرەوە لێی دەڕوانن و لەگەڵ ئەندامانــی لیژنەکەیــان کاری لەســەر دەکەن.

هاوکات ئەو پارلەمانتارە ئەو بۆچونەش ڕەد دەکاتــەوە بــەوەی ژنــان لە دەزگا ئەمنیــەکان دا کاریــان تەنها ڕایکردن و بینینی کەیسی ژنان بێت بە تەنیا.

وتــی: «مــن دەمەوێــت ژن وەک ئەفســەرێک یان هــەر پلەیەکی دیکەی ئەمنــی کارەکەی ببینرێت، نەوەک وەک ژنێک و کار بەتەنیا بۆ ژنان بکات».

وتیشــی چاوەڕێنــی ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی و ژنــان و مافــی مرۆڤــن داواکاری و ڕاپۆرتی تایبەت لەو بارەیەوە بخەنە بەردەســتیان، بۆئەوەی پێکەوە هەنگاوەکانیان درێژە پێبدەن و بگەنە ئەنجام.

### ئاماری بەشداری ژنان لە ریزەکانی هێزە ئەمنیەکان




| بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان | بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان | بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان | بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان |
|---|---|---|---|
| ٣٧ | ٩ | ٣١ | ٦ |

# کچانی «هاککراو» چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە

## «کوڕێک بەناوی هاوڕێیەتیەوە دەستی بەسەر ئەکاوەنتەکەم دا گرت»

■ نەوژین، هاوژین مەهدی

**ژیان، بە نیگەرانیەوە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە: «هاوڕێکانم تەلەفۆنیان بۆ کردم و سەرزەنشتیان کردم کە بەنامەی فەیسبوک وێنە و ڤیدیۆی ناشرینیان بۆ دەنێرم، لەکاتێکدا لە خەت نەبوم، نەمزانی بو کە هەژمارەکەم هاک کراوە».**



چیرۆکی ئەم کچە، هاوشێوەی چیرۆکی کچانێکی زۆرترن کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا روبەڕوی دەستبەسەراگرتنی هەژمار و زانیارییەکانیان دەبنەوە، لە پرۆسەیەک دا کە بە «هاککردن» ناسراوە.

هاک، هەر هەوڵێکی تەکنیکیە کە کەسێک (هاککەر=هاکەرز) پێیهەڵدەستێت بۆ دەستکاریکردن یان دەستگرتن بە سەر سیستەم یان تۆڕ یاخود هەژمار و ئامێری کەسێک یان دەزگایەک، لە رێگەی کەلێنێک کە لەسیستەمی خۆپاراستنی تایبەت بە ئامانجەکە دا هەیە.

بەشێک لە کچان دەبنە قوربانی ئەم پرۆسەیە، ئەمەش زۆر لەسەر کەسایەتی و ناوبانگ و تەنانەت هەندێکجاریش ژیانیان دەکەوێت.

ژیان، ناوی خوازراوی کچێکی دانیشتوی گەرمیانە و روبەڕوی (هاککردن) بوەتەوە. بۆ (نەوژین) وتی: لەخەت بوم، کەلەخەت دەرچوم لەلایەن هاوڕێکانم تەلەفۆنم بۆهات و بە سەرزەنشتەوە وتیان لە ئەکاونتەکەی تۆوە ڤیدیۆ و وێنەی نەشیاو و ناشرینمان بۆهاتوە، منیش ئەوەنە حەپەسام نەمئەزانی چی بکەم.

وەکخۆی گوزارشتی لێدەکات، ئەو حاڵەتەی تێیکەوتوە، زۆر ناخۆش و مایەی شەرمەزاری و ئیحراجبون بوە، بۆیە ئەمەش وایلێکردوە کە ئێستا وریایانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆڕانەدا بکات.

> وێنەی هاوڕێکەمیان برد و داوای پارەیان لێکرد بۆ سڕینەوەی

هەندێکی تر لەو کچانەی بونەتە قوربانی ئەم پرۆسەیە، باس لەوەدەکەن متمانەی کوێرانەیان هۆکار بوە.

سارا، کچە خوێندکارێکی دانیشتوی کەلارە و روبەڕوی هاککردن بوەتەوە. وتی: «کوڕێکم لە فەیسبوک ناسی و ماوەیەکی زۆر هاوڕێ بوین، هەر شتێکم نەزانیایە یارمەتی دەدام، دواتر هەرچیم پێبوتایە بۆ یارمەتی، دەیوت ئەکاونتەکەت بدە خۆم بۆت چاک دەکەم، سەرەتا نەم ئەدا، بەڵام شتەکەی لێقورس دەکردم یان زیاتر لێی خراپ ئەکردم و دەسکاری بەرنامەی هەڵەی پێ ئەکردم، ئیتر منیش بە ناچاری ژمارە نهێنی ئەکاوەنتەکەم پێدا، کەچی ئەو ژمارە نهێنیەکەی گۆڕی و دەستی بەسەر ئەکاوەنتەکەمدا گرت».

وەک (سارا) دەیگێڕێتەوە، لە ئەکاوەنتەکەیەوە پۆستی نابەجێی کردوە و نامەی بۆ هاوڕێکانی ناردوە.

بەشێکی زۆری هۆکاری ئەم دەستبەسەراگرتنانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کچان هۆشیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر شێوازی پاراستنی هەژمارەکانیان نیە. (ژیان) و (سارا) جەختیان لەوەکردەوە کە شتێکی ئەوتۆیان نەزانیوە لەوبارەوە.

بەڵام کچێکی تر باس لەوەدەکات کە نازانێت چۆن دەست بەسەر هەژمارەکەی دا گیراوە بەبێ ئەوەی هەڵەیەکی ئەوتۆی کردبێت.

ماها، کچێکی دانیشتوی کەلارە، باس لەوەدەکات رۆژێک لە پڕێکدا هەژمارەکەی لەدەست دەرهێنراوە، ئەگەرچی وەکخۆی وتی: «شتی خراپیان پێنەکردوە».

بەربڵاوی ئەم حاڵەتانە، بە رای شارەزایەک وا پێویست دەکات کچان وردتر کار لەسەر لایەنی خۆپارێزی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەن.

ئاسۆ وەهاب، شارەزا لە ئاسایشی ئینتەرنێتی، رێنمایی کچانی کرد بەوەی بۆ خۆپاراستن، ئەم چەند خاڵە بگرنە بەر: «کلیک لەسەر هیچ لینکێک نەکەن. هیچ فایلێک یان بەرنامەیەک لەسەر ماڵپەڕی متمانەپێکراوی خۆی نەبێت دامەگرن. وشە نهێنیەکانتان بۆ کەس ئاشکرا مەکەن. وایفای گشتی بەکار مەهێنن. پەیوەندی لەگەڵ کەسانی نامۆ دروست مەکەن».

هەندێک لەهاککەران ئامانجیان تەنیا ئەوە نییە کە ناوی کەسێک خراپ بکەن، بەڵکو ئەو کارە بۆ پارە دەکەن. دیانە، ناوێکی خوازراوی کچێکە، باس لەو روداوە دەکات کە بەسەر هاوڕێکەی دا هاتوە «هاوڕێکەم لینێکی بۆ هاتوە و ئەویش نەیزانیوە کردویەتیەوە، لە رێگەی ئەو لینکەوە هەمو زانیاری و وێنەکانی کەوتوەتە دەستی هاککەرەکە و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی لێی کردە کەئەگەر ئەو بڕە پارەی کە داوای کردوە پێی نەدا، هەرچەندە هاوڕێکەم ئەو بڕە پارەی پێداوە، بەڵام هەندێک لە وێنەکانی بڵاوکردەوە».

ئەم کارەی کە دەکرێت، لە روی یاساوە شێوەیەکی رون و دەستنیشانکراوی نیە، بەڵام بەگشتی بە پێشێلکردنی یاسا و تاوان هەژمار دەکرێت و لەورووەوە سزای بۆ دانراوە.

پارێزەر: زمکان حەمە ساڵەح، بۆ (نەوژین) رونیکردەوە: «هیچ دەقە یاسایەکی تایبەت بە هاککردن نییە، بەڵکو دەتوانرێت لە چوارچێوەی ماددەی (٢) لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن دا دابنرێت، لەو یاسایەدا سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بە خراپ بەکاردەهێنن، ئەویش بە زیندانیکردنیان لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، یان غەرامەکردن لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێت، یان بەو دو سزایە».

---

# گێچەڵی سێکسی لەسەر ئینتەرنێت چییە؟

■ ئاسۆ وەهاب*

**رەنگە دەگمەن بن ئەوانەی کە رۆژانە نامەیان پێناگات لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تیایدا نێرەر نوسیویەتی: (ئەکرێت یەکتر بناسین؟) یان (من سەرسامم بە تۆ!) (بەڕاستی تۆ جوانی!) ئەمە بۆ خۆی سوکترین شێوەکانی گێچەڵن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**



لەگەڵ برەوسەندنی تەکنەلۆژیا و کەناڵەکانی پەیوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم مەسەلەیە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و چەمکی گێچەڵی سێکسی لەسەر ئینتەرنێت سەرهەڵدەدات، کە بریتییە لە ناردنی کۆمێنت و نامە و وێنە و ڤیدیۆی نەگونجاو لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان ئیمێڵ یان لە رێگەی مۆبایلەوە (ئیدی بە نامە بێت یان بە تەلەفۆنکردن).

گێچەڵی سێکسی، بریتییە لە: هەر قسەیەک یان رەفتارێکی نەخوازراو کە سروشت یان ئاماژەیەکی سێکسی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەیە و ئەتکی بیستن و بینین و جەستە و تایبەتمەندی و هەستی تاک دەکات، ئەمە واتلێدەکات هەست بە نائارامی و هەڕەشە و ترس، یان هەست بە بێڕێزی و سەرزەنشتکردن و ئەتککردن بکەیت.

> زانیاری لەبارەی خۆت لەگەڵ کەسانی نەناسراو مەگۆڕەوە

یەکێک لە کۆنترین شێوەکانی گێچەڵی سێکسی پەیوەندی تەلەفۆنییە، ئەو کەسەی گێچەڵیی دەکات بە مەبەست یان بێمەبەست تەلەفۆن بۆ پەیوەندیکردن بە نێچیرەکانی بەکاردەهێنێت، هەندێکجار ژمارەکە دەناسێت هی چ کەسێکە و هەندێکجار هەڕەمەکی ژمارە لێدەدات، زۆربەی کاتەکانی کێچەڵکار لە درەنگانێکی شەو تەلەفۆن دەکات و بە مەبەست دەنگی گرتە ڤیدیۆییە سێکسییەکان دەداتە گوێی نێچیرەکەی یان بە دەنگی خۆی ئاماژەی سێکسی دەداتە گوێی نێچیرەکەی.

شێوەیەکی تری گێچەڵیی، ناردنی وێنە و ڤیدیۆ و لینکی ماڵپەڕە روتەکانە (پۆڕن) لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆ نمونە: فەیسبوک و تویتەر و ئەوانی تر. یان هاککردن یان دزینی ئەکاونتی تایبەتی نێچیرەکە و بردنی وێنە و پرنت سکرینی نامە تایبەتەکانی و دواتر بەکارهێنانی لە گێچەڵی سێکسی. هەندێکجار گێچەڵکار هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و نامەکان دەکات و نێچیرەکەی دەستەمۆ دەکات تا توشی لادانی بکات.

گرنگترین شت بۆ ئەوەی توشی گێچەڵیی نەبیت، ئەوەیە هۆشیاری خۆت بەرز بکەیتەوە لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، رەزامەند مەبە لەسەر وەگرتنی هاوڕێیەتی کەسانێک نایانناسیت بەتایبەت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بە هیچ شێوەیەک زانیاری کەسیت یان وێنە و گرتەی تایبەتی خۆت لەسەر ئینتەرنێت بڵاو مەکەرەوە کە لەوانەیە بۆ گێچەڵیی پێکردن بەکار بهێنرێت.

زانیاری لەبارەی خۆت و خێزانەکەت لەگەڵ کەسانێک مەگۆڕەوە کە نایانناسیت.

وێنەی تایبەتی خۆت کە جلوبەرگی ماڵەوەت لەبەرە لەگەڵ کەس مەگۆڕەوە.

هەر کات توشی ئەم کێشەیە بویت بەڵگەکان مەسڕەوە و خێزانەکەت لێی ئاگادار بکەرەوە.

بە هیچ شێوەیەک وەڵام مەدەرەوە، تەنانەت ئەگەر سەرزەنشتی گێچەڵکاریش بکەیت، چونکە وەڵامدانەوە دەروازەی گفتوگۆ دەکاتەوەو دەرئەنجام دەکەویتە هەڵەوە.

* راهێنەر لە بواری ئاسایشی ئینتەرنێتی

# لە گەرمیان دەستبەرداربون لە منداڵ سەرهەڵدەدات

## ڕێکخراوێک: منداڵان هەم کاردەکەن و هەم توندوتیژیشیان بەرامبەر دەکرێت



■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**بەڕێوبەری ڕێکخراوی لانەی منداڵان لەگەرمیان، هۆشداری دەدات لەوەی منداڵان لە سنورەکە کاری زۆر قورسیان پێدەکرێت و ڕوبەڕوی سوکایەتی پێکردن دەبنەوە، هاوکات جەخت لە زیادبونی توندوتیژی خێزانی دەکاتەوە بەرامبەر منداڵ، ئەمەو باسی دەرکەوتنی حاڵەتی دەستبەرداربونی دایکان و باوکانیش دەکات لە منداڵەکانیان.**

لە دیدارێکی یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ دا لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی منداڵان، شیرین مەحمود، بەڕێوبەری ڕێکخراوی لانەی منداڵان لە گەرمیان، تیشکیخستە سەر ڕەوشی منداڵان لە روی ماف و کار و ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت.

### کارکردنی قورس بە منداڵان

کارکردنی منداڵ یەکێکە لەو پرسانەی کە دوای چەندین ساڵ لە دەرکردنی یاسای تایبەت و دروستبونی چەندین ڕێکخراو بۆ ڕێگریکردن لێی، کەچی بەردەوامی هەیە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئاماری فەرمی لەبارەی قەبارەی حاڵەتەکەوە بونی نیە.

شیرین مەحمود، هێمای بۆ ئەوەکرد: لە تەواوی کوردستان ئاماری منداڵانی ئیشکەر کۆکراوەتە بەتەنها لە گەرمیان نەبێت. وتی: «ئێمە چەند جارێک داوی کۆکردنەوەی ئامارمان کردوە، بەڵام بە بیانوی نەبونی بودجەوە وەزارەتی کار ڕەزامەندی نەداوە».

لەگەڵ ئەوەشدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە بەپێی بەدواداچونەکانیان دەرکەوتوە تەمەنی منداڵانی ئیشکەر لە گەرمیان زۆر کەمە، بەشێوەیەک منداڵی ئیشکەر هەیە تەمەنی ٨ یان ١٠ ساڵە، ئەو کارانەشی دەیکەن کاری قورسن، وەک: (کارکردن لە ناوچەی پیشەسازی، حەماڵی، پاککردنەوەی جامی ئۆتۆمبێلی سەرشەقامەکان و فرۆشتنی ئاو و کلینکس)، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی کارکردنەکەیان زۆرە کە هەندێکجار دەگاتە ١٢ سەعات لە ڕۆژێک دا.

لەسەر ئەم خاڵە زیاتر دوا و وتی: بەپێی بەدواداچونەکانمان ئەو منداڵانە زۆرجار روبەڕوی قسەی ناشرین و سوکایەتی پێکردن دەبنەوە.

بەپێی جارنامەی مافەکانی منداڵان، منداڵ دەبێت تەمەنی سەرو ١٦ ساڵ بێت ئەوکات دەتوانێت کاربکات، بەڵام دەبێت ئەو کاتەش کارەکەی سوک بێت و تەنها بۆ فێربونی بێت. لە کوردستان نەبونی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان بە هۆکاری سەرەکی مانەوەی منداڵانی ئیشکەر دادەنرێت لەو بارودۆخەی کە تێیدان.

### پەروەردەیەکی نادروست

بەڕێوبەری لانەی منداڵان لە گەرمیان، دایکان و باوکان بە کەمتەرخەم دەبینێت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. تیشکدەخاتە سەر ئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆیان لە پەروەردەکردنێکی تەندروست بواردوە.

دەڵێت: لەکاتێکدا مافی منداڵە کە پەروەردەیەکی تەندروست بکرێت، بەڵام لێرە دەبینین دایک و باوک ئەوەندە گرنگی بە بابەتی تەرفیهی دەدەن بۆ منداڵەکانیان، ئەوەندە گرنگی بە بابەتی پەروەردەیی نادەن، بەشێوەیەک تابلێتێک بەمنداڵەکەیان دەدەن بەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی پەروەردەیی، بەمەش ئەو منداڵە داهاتویەکی باشی نابێت.

### توندوتیژی بەردەوامە

لە جارنامەی مافەکانی منداڵان برگەیەکی تایبەتە بە مافی پاراستن لە توندوتیژی، بەڵام ڕۆژانە لەسەر شەقام و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان و لە ناو خێزانەکانیش دا منداڵان توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت لەلایەن دایک و باوک یاخود کەسانی دیکەی خێزان و دەوروبەریان.

شیرین مەحمود، جەختی کردەوە توندوتیژی بەرامبەر منداڵ لە ناوخێزانەکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

وتیشی: جاری واهەبوە باوک لە شوێنە گشتیەکان توندوتیژی بەرامبەر منداڵی کردوە، هاوڵاتی پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردوە باوکەکە دەستبەسەر کراوە.

کەواتە منداڵان ئەگەر توندوتیژیان بەرامبەر کرا هیچ پەناگەیەک هەیە لە گەرمیان پەنای بۆ ببەن؟

لە وەڵامدا وتی: گرفتەکە ئەوەیە منداڵ کە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت لە ماڵەوە بەند دەکرێت، مەگەر دەرفەتی بۆ هەڵکەوێت بتوانێت داوای مافی خۆی بکات.

### دیاردەی دەستهەڵگرتن لە منداڵان

لەبەردەوامی گفتوگۆکەدا تیشکخرایە سەر کێشەیەکی نوێ کە بەرۆکی منداڵانی گرتوە، ئەویش دەستهەڵگرتنی دایک و باوکە لە منداڵ لەگەڵ فڕێدانی منداڵ.

بەرپرسەکەی لانەی منداڵان لە گەرمیان، باسی لە چەند حاڵەتێکی دەستهەڵگرتنی لە منداڵ کرد لە گەرمیان، کە ئێستا منداڵەکان لە ماڵی بێسەرپەرشتانی (حاجی ئاهو) لە کەلار لەخۆگیراون، بەڵام بە وردی ئاماژەی بە ئامار و داتایەک لەوبارەیەوە نەدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی حاڵەتی نەگرتنەخۆی منداڵ لەلایەن دایک و باوک دوای جیابونەوە، یان فڕێدانی منداڵی ساوا، بەڵام لەگەرمیان هیچ ئامادەکاریەکی فەرمی نەکراوە بۆ تەرخانکردنی شوێن بۆ ئەو منداڵانە.

بە وتەی (شیرین مەحمود)، ئەوە ئەرکی حکومەتە شوێن و پێداویستی بۆ ئەو منداڵانە دابین بکات، کەچی لەگەرمیان خێرخوازێک لەڕێگەی دروستکردنی ئەو ماڵەوە «ماڵی حاجی ئاهو» ئەو ئەرکەی گرتوەتە ئەستۆ.

---

# چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئیرەیی لەلایەن منداڵان

■ نەوژین،
وەرگێڕانی: نازەنین گۆران

**ئیرەیی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ کەلە هەمو قۆناغێکدا بەشێوەی جیاواز بونی هەیە، بەڵام لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەوە بزانین کە ئیرەیی لای منداڵان چۆنە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

*** پێناسەی ئیرەیی لەلایەن منداڵان**

دیاردەیەکی دەرونی کارلێکراوە، کە منداڵ هەستی پێدەکات و بەپێی توانا دەیشارێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی هەمیشە بەباشی دەربکەوێت.

دەتوانین پێناسەیەکی تری ئیرەیی بکەین لەلایەن منداڵان، کە دیاردەیەکە توڕەیی و هەڵچون و عینادی منداڵ کۆدەکاتەوە بەیەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بە دیاردەیەکی زۆر خراپی بزانین، بەڵکو شتێکی ئاساییە کە لەلایەن منداڵان دروستدەبێت لەکاتی پەروەردەکردنیاندا و چارەسەریش دەبێت.

پێویستە دایک و باوک لەو کاتانەدا بزانن چۆن رەفتار لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن بەمێشکێکی ئارامەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت کەئەویش دوورخستنەوەی خراپیەکانی ئیرەییە، چونکە ئیرەیی ئەگەر لە حاڵەتێکی ئاسایی دەرچو، ئەوا دەبێتە نەخۆشیەکی زۆر کە لەگەڵ ئەو منداڵە گەورە دەبێت.

*** هۆکارەکانی ئیرەیی منداڵان**

بەراوردکردنی منداڵەکەت بە منداڵێکی تر، ئەگەر خزم بێت یان هاورێی یان تەنانەت برا و خوشکێکی خۆی بێت، ئەوە وایلێدەکات بیر لەئیرەیی بکاتەوە. کەسایەتی لاواز و دروستنەکردنی متمانە بەخۆیان لەلایەن منداڵ، وا دەکات ئیرەیی بەکەسێکی تر ببات.

> بەراوردی
> منداڵەکەت بە
> منداڵێکی تر مەکە

هەروەها کەموکوڕیی جەستەیی وا دەکات منداڵ هەست بە ئیرەیی بکات بەرامبەر منداڵێکی تر.

لێدان لە منداڵەکەت کاتێک ئیرەیی بە براکەی دەبات، وادەکات ئیرەیەکەی زیاتر بێت و رق لەدڵ بێت بەرامبەر براکەی.

ستایش نەکردنی منداڵێکی تر لەپێش منداڵەکەی خۆت، چونکە وادەکات زیاتر ئیرەیی بکات.

*** ڕێگاکانی دەربرینی ئیرەیی**

هاوار کردن و توڕەیی. بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵدەستێ بە لێدانی منداڵێکی تر بەبێ هۆ.

دەرکەوتنی رەفتاری عینادی. وایلێدێت ئیتر بەدوای رەفتارەکانی خۆی دەڕوات و شەڕ دەکات لەسەر هەموو شتێک، تەنانەت لەسەر خواردن و خواردنەوەکانیش.



*** چارەسەرکردنی ئیرەیی لەلایەن منداڵان**

١. ستایشکردنی منداڵەکەت لەهەمو شوێنێک، ئیتر ئەگەر ماڵەکەی بێت یان لەقوتابخانە یان لەناو هاورێیەکانی، وادەکات متمانە بەخۆبونی تێدا بچێنرێت.

٢. هەرلەمنداڵێیەوە لەسەر بەخشین وخۆشەویستی کەسانی دەوروبەر و دەستدرێژی نەکردنە سەر مافەکانی کەسانی تر پەروەردەی بکەی.

٣. ئەگەر خاوەنی چەند منداڵێکی، دەبێت وەک یەک پەروەردەیان بکەیت و خۆشەویستی بەیەکسانی لەنێوانیاندا دەرببڕیت و بەبێ هۆ کەسێکیان ستایش نەکەی لەپێش چاوی ئەوەکەی تریان.

٤. لەکاتی لەدایکبونی منداڵی بچوک پێویستە دایک و باوک زیاتر گرنگی بەمنداڵە گەورەکە بدەن، وایلێبکەن هەست بەوە بکات هێشتا ئەو بۆ دایک و باوکی گرنگە. هەندێک ڕێگا بەکاربهێنرێت کە وابکات کەمتر ئیرەیی بکات، بۆ نموونە: کاتێک دیاریەک بۆ منداڵە بچوکەکەت دەهێنیت بیدە دەستی منداڵە گەورەکەت پێ ببەخشێت.

٥. هاندانی منداڵ لەسەر هەوڵدان بۆ سەرکەوتن و ئامانج لە ژیان بۆ ئەوەی کارێک و ئامانجێکی هەبێت کەخۆی پێ سەرقاڵ بکات.

٦. ئەگەر منداڵەکەت هەر کەموکوڕیەکی هەبێت بەتایبەت جەستەیی، پێویستە زیاتر گرنگی پێ بدەی، بۆ ئەوەی هەست بەکەمی خۆی نەکات.

سەرچاوە: سایتی (موضوع)

# متمانەکردن بە ژنانی پارێزەر زیادیکردوە



> متمانەی تەواوم بەسەرکەوتنی خۆم هەیە لە پیشەکەمدا

> ژنانی پارێزەر روبەڕوی مەترسیش دەبنەوە

■ **نەوژین، خۆشبین جەلال**

**کاتێک (هیوا) دۆسیەیەکی هەبو لە دادگا و پێویستی بە پارێزەر بو، لە بری پارێزەرە پیاوەکان، پێشکەش بە ژنە پارێزەرێکی کرد، چونکە وەک بەدواداچونی کردبو، ئەو پارێزەرە لێهاتوە لەو بوارەدا و دەتوانێت دۆسیەکەی بە باشی بگەیەنێتە ئەنجام.**

ئەمەی لە دۆسیەی (هیوا)دا رویدا، پێش چەند ساڵێک حاڵەتێکی کەم و دەگمەن بو، ئەو کات نە ژمارەی پارێزەران لە رەگەزی مێ ئەوەندە زۆر بو، نە ئەوەندەش بوبونە مایەی متمانەی ئەوانەی کاریان بە پارێزەر دەکەوت، بەڵام بەپێی پێدراوەکان، ئێستا دۆخەکە جیاوازە.

ئێستا ژنانی پارێزەر کێبڕکێیەکی بەهێز دەکەن بۆ سەلماندنی توانا و لێهاتوییان، ئەوان توانیویانە لەگەرمیان بە هێز و گوڕەوە بێنە ناو ئەم بوارەوە.

چرۆ عومەر، پارێزەر، باس لەوە دەکات بە جیاوازیەکی زۆرەوە ئێستا هاوڵاتیان رو لەوان وەکو ژنانی پارێزەر دەکەن بۆ کارکردن لەسەر کەیسەکانیان.

وتی: جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لەنێو ئەو کەیسانەی کە پێشکەشمان دەکەن، زۆرێک لە پیاوانیش گرنگی بەوە نادەن کە کەیسەکانیان پارێزەرێکی پیاو بەڕێوەی ببات یان پارێزەرێکی ژن، بەڵکو گرنگی بە توانا و لێهاتویی دەدەن.

ئەو کە هاوشانی براکەی کاری پارێزەری دەکات، بە باوەڕبونێکی قوڵەوە دەڵێت: «متمانەی تەواوم بەسەرکەوتنی خۆم هەیە لە پیشەکەمدا».

ئەم خاڵە، هاوڵاتیانیش لە رەگەزی نێر جەختی لێدەکەنەوە.

هیوا عومەر، ٣٨ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: هیچ جیاوازیەک لە توانای پیاو و ژن دا نیە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە کە ئەم جیاوازیە بسەلمێنێت، بۆیە من خۆم متمانەم پێیانە.

بەپێی ئامارێک کە لە ژوری پارێزەرانی کەلارەوە دەستمان کەوتوە، لە دەڤەرەکەدا ١٠٠ پارێزەر هەن، لەو رێژەیەش ٣٢ پارێزەریان لە رەگەزی مێن.

سەرباری زیادبونی ژمارەی پارێزەرانی ژن، بەڵام خۆیان وایدەبینن کە کارەکەیان قورسایی و تەنانەت مەترسیشی تێدایە.

ئەشواق شێخ نەجیب، ماوەی پێنج ساڵە کاری پارێزەری دەکات، باس لەوەدەکات هێشتا کەسانێک هەن بە کەمتر لە توانای ژنانی پارێزەر دەڕوانن.

ئاماژەی بەوەشکرد: بەگشتی ژنانی پارێزەر جگە لە مەترسی و لێکەوتەکانی کارەکەیان، روبەڕوی مەترسی ناوزڕاندن و شکاندنی کەسایەتیش دەبنەوە بەتایبەتی لەلایەن ئەو کەسانەی کە دژ بە بریگرتەی ئەوانن.

سەرباری ئەم ریسک و مەترسیانە، بەڵام وادیارە ژنان مکوڕن لەم بوارەی کە زۆرتر بە بوارێکی پیاوانەی پڕ کێشمەکێش ناسراوە، جێگەی خۆیان بکەنەوە و بونی خۆیان بسەلمێنن، هەر ئەمەشە وایکردوە پێ بەپێ متمانە کردن پێیان لە هەڵکشاندابێت.

سکاڵا سەباح، پارێزەر، جەخت لەقسەکانی هاوتاکانی دەکاتەوە و دەڵێت: بەهۆی هۆشیاربونەوە و بەرەوپێشچونی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لەبارەی رۆڵی ژنەوە، متمانەمان زیاتر پەیدا کردوە.

ئاماژەی بەوەشکرد متمانەکە تەنها لەلای ژنان چڕ نەبوەتەوە، بەڵکو پیاوانیش بۆ بەڕێوەبردنی کەیسەکانیان ئەوان دەکەن بە پارێزەریان «رێژەی ئەو پیاوانەش کە کەیسمان پێشکەش دەکەن رو لەزیاد بونە».

پێیشیوایە ئەوەی وایکردوە ئەم دۆخە بێتە ئاراوە، بەشێکی زۆری بۆ توانای خودی ژنە پارێزەرەکان دەگەڕێتەوە کە وەکخۆی وتی: «توانیومانە بەهێزیی و بەهرەمەندیی خۆمان بسەلمێنین».

# کچان و کوڕانی زانکۆی گەرمیان کۆمەڵگە هۆشیار دەکەنەوە

■ **نەوژین، رێناس ساڵح**

**١١ کچ و کوڕی فێرخواز لە زانکۆی گەرمیان، گروپێک بۆ ئەنجامدانی چالاکی کۆمەڵگەیی و هۆشیاریی دادەمەزرێنن، لەو رێگەیەوە چەندین چالاکی جیاواز ئەنجام دەدەن بە ئامانجی سودگەیاندن بە کۆمەڵ، زۆرینەی ئەندامانی گروپەکەش کچانن.**

دەستەیەک لە فێرخوازانی بەشی دەروننناسی زانکۆی گەرمیان کە لە ٩ کچ و ٢ کوڕ پێکدێن، گروپێکی هۆشیاریی و کۆمەڵگەییان دروستکردوە. لە ماوەی رابردودا چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، دواهەمینیشیان بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیەکی هۆشیاری بو لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاویان کردەوە.

ئەوان باس لەوەدەکەن هۆشیاریی کۆمەڵگە بەرپرسیارێتی هەموانە، بۆیە بەبێ گوێدانە رێگریەکان، شانیان داوەتە ژێر ئەو ئەرکە.

خەندە ئیسماعیل، ٢٠ ساڵ، ئەندامێکی گروپەکەیە، جەخت لەوەدەکاتەوە دەبێت ژنان هاوشانی پیاوان، رۆڵیان لە چالاکیەکاندا هەبێت.

وتی: ژنان دەبێت وەکو پیاوان لە هەمو چالاکیە مەیدانیەکان لەسەر پرس و پێشهاتە جۆربەجۆرەکان رۆڵ و کاریگەریان بنوێنن.

بەڵام وادیارە ئەم هەوڵدانە بۆ کاراکردنی رۆڵی ژنان لەکۆمەڵگادا، هەروا ئاسان نەبوە، بەڵکو رێگری کۆمەڵایەتیان لەپێشدا هەبوە.

ئاسیا فازڵ، ٢١ ساڵ، باس لەوەدەکات کۆمەڵگا دەرفەتی ئەوە بە کچان نادات بەهرەکانی خۆیان دەرخەن. وتی: «کە کارێک دەکەین توانجمان لێدەدەن و چەندین رێگریمان بۆ دروست دەکەن».

سەرباری رێگریەکان، ئەم کۆمەڵە فێرخوازەی زانکۆی گەرمیان کە دانیشتوی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانن، بەبێ گوێدانە جیاکاریە رەگەزیی و ناوچەییەکان، خەمی هۆشیاریی کۆمەڵگا هانی داون بۆ دەستپێکردن و بەردەوامبون لەو کارەیان.

رێکار ئاراس، ٢٠ ساڵ، دانیشتوی قەزای هەڵەبجەی شەهیدە و ئەندامێکی گروپەکەیە، باس لەوەدەکات گروپەکەیان لەو سۆنگەیەوە دەستبەکار بوە کە ئەرکە لەسەر خوێندکاری زانکۆ رۆڵی کاریگەری هەبێت لەسەر لایەنی زانستی و مەعریفی کۆمەڵگا.

هێمن شێرکۆ، ٢٢ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاری/کەلار، باس لەوەدەکات ئەم گروپە بۆ ئەوەیە ئەو «کەموکورتی و کوشتنی توانای خوێندکارە»ی کە وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات لە زانکۆدا هەیە، نەهێڵێت و فێرخوازان رۆڵی باش لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکەن.

خەندە، باس لەوەدەکات پاڵنەرێکی دیکەیان بۆ چالاکی و کارەکانیان، بەرپەرچدانەوەی ئەو «نەخوێندەواری و چالاک نەبونەیە» کە بەوتەی خۆی لە زانکۆدا خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێت بە دیاردە.

کارەکانی ئەم گروپە خۆی دەبینێتەوە لە ئەنجامدانی چالاکی لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی و دەرونزانی، لەمڕووەوە چەندین سیمینار و چالاکی جۆراوجۆریان لە ناو زانکۆ ئەنجام داوە، هاوکات سەردانیان بۆ ماڵی بێسەرپەرشتان و بەساڵاچوانی گەرمیان رێکخستوە و سودمەندانی ئەو ماڵەیان بەسەرکردوەتەوە.

> دەبێت ژنان هاوشانی پیاوان، رۆڵیان لە چالاکیەکاندا هەبێت

لەم ماوەیەی دوایی دا و بەکاریگەریی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا، گروپەکە چالاکیە مەیدانیەکانی وەستاوە، لەبری ئەوە رویان کردوەتە ئەنجامدانی چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا.

سارا کامەران، ئەندامێکی تری گروپەکە، بۆ (نەوژین) وتی: بەهۆی ئەوەی بەگشتی خەڵک دوچاری بارودۆخێکی شڵەژانی دەرونی بوە بەهۆی کۆرۆناوە، بۆیە ویستمان لەروی تەندروستی و دەرونیەوە هۆشیاریان بکەینەوە کە چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ بارودۆخێکی لەم شێوەیە، هەربۆیە هەستاین بە بەرهەمهێنانی ئەو ڤیدیۆیە.

ئەم گروپە پرۆژە و پلانی چالاکی دیکەی زۆریان هەیە، یەکێک لەوانەش وەک (هێمن شێرکۆ) هێمای بۆ کرد، ئەنجامدانی توێژینەوەی دەرونی و گەیاندنی دەرەنجامەکەیەتی بەلایەنە پەیوەندیدارەکان.















# کۆژانی ژنانی توشبوی شیرپەنجە لەگەرمیان



■ نەوژین، زریان محەمەد

**ژنانی توشبو بە نەخۆشی شیرپەنجە لە گەرمیان باس لەوەدەکەن سەرباری ئەوەی کە باری تەندروستیان باش نیە، توشی گرێی دەرونیش بون بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی کە روبەڕویان دەبێتەوە بەتایبەتی لە نەبونی چارەسەر لە ناوچەکەیان.**

شیرپەنجە بریتیە لە گەشەکردن و دابەشبوونێکی نائاسایی خانەکانی لەش، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەهەمو خانەیەک سوڕی دروستبون و مردنی هەیە، واتا خانەیەکی تازە لەجێی خانەیەکی مردو دروست دەبێت، بەڵام کاتێک تێکچونێکی جیناتیکی لەم پرۆسەیەدا رودەدات، تێکچون دروست دەکات و ئەو تێکچونەش دەبێتە وەرەم و بە شیرپەنجە ناودەبرێت.

لەم سالانەی دوایدا رێژەی توشبون بە نەخۆشیە شیرپەنجەییەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر زیادیان کرد بە گەرمیانیشەوە، ئەگەرچی ئامارێکی ورد لەبارەی توشبوانی گەرمیانەوە لەبەردەستدا نیە، بەو هۆیەی نەخۆشەکان لە تەندروستی گەرمیان تۆمار ناکرێن و دەچنە شارەکانی تر بۆ چارەسەر.

قورسیی نەخۆشیەکە و زۆری رێکار و هاتوچۆی پزیشک، بوەتە مایەی ئەوەی توشبوەکانی هەست بە ماندوبونێکی زۆر بکەن.

حەپسە محەمەد، ٥٠ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە و دانیشتوی شاری کەلارە، توشبویەکی شیرپەنجەیە. بە روخسارێکی پڕ لە بێزارییەوە سەبارەت بە ماندوێتی نەخۆشیەکەی بۆ (نەوژین) دوا و وتی: سەرباری ئەوەی کە نەخۆشیەکی قورسم هەیە و هێزی لەبەر بڕیوم، بەڵام هێندەی ئەوە بێزاری نەکردوم کە بە بەردەوامی دەبێت بچمە سلێمانی بۆ پشکنینێک یان وەرگرتنی دەرمانێک.

ئەوەی دۆخی ئەم ژنانەی قورس تر کردوە، ئەوەیە بۆ هەر چارەسەر و راوێژێک دەبێت بچنە شارەکانی دیکە و بەتایبەتی سلێمانی، بەوهۆیەی لە ئیدارەی گەرمیان دا هیچ ناوەندێکی پزیشکی تایبەت بە شیرپەنجە بونی نیە.

تابان محەمەد، ٤٠ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلارە و فەرمانبەرە، بۆ (نەوژین) وتی: «٢١ رۆژ جارێک دەبێت من سەردانی سلێمانی بکەم بۆ ئەوەی دەرمانەکانم وەربگرم و پشکنینی بەردەوامی نەخۆشیەکەم بکەن کە تاوەکو ئیستا ٢٥ دەرزی کیمیایم بەکارهێناوە لەگەڵ یەک جار تیشک».

ئەم بەردەوام هاتوچۆکردنە، ئەو ژنەی ماندو کردوە، بەتایبەتی هەمو کات دەبێت منالەکانی لە مالی کەسوکاری بەجێبهێڵێت بەوپێیەی جاری وا هەیە چارەسەرەکەی شەوی بەسەردا دێت.

ساڵی ٢٠١٨ راگەیەنرا کە بە فەرمانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سەنتەرێکی پشکنینی شیرپەنجەی مەمک بۆ ژنانی گەرمیان دەکرێتەوە، بەڵام رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ تێدەپەڕێت، بەبێ ئەوەی ئەو پرۆژەیە یەک هەنگاو چوبێتە پێشەوە.

(نەوژین) بۆ بەدواداچونی ئەم پرسە چەند جارێک پەیوەندی بە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانەوە کرد، بەڵام هەمو جارەکان پەیوەندیەکەی بێوەڵام بو.

ژنان باس لەوەدەکەن، ئەگەر ئەم سەنتەرە بکرێتەوە، بەشێکی زۆری کێشەکانیان چارەسەر دەبێت و فشارەکانی سەریان کەمدەبێتەوە.

تابان، هێمای بۆ ئەوەکرد هاتوچۆی بەردەوامی شاران لە روی داراییەوە زۆر دەکەوێت لەسەر نەخۆشەکان، تەنانەت باس لەوەدەکات نەخۆش هەبوە لەگەرمیانەوە هاتوە بۆ سلێمانی و پارەی گەڕانەوەی پێ نەبوە و لە ناو نەخۆشخانەکە بۆی کۆکراوەتەوە.

حەپسە-ش وتی: ئەگەر سەنتەرێک هەبوایە لێرە کە چاودێری تەندروستیمانی بکردایە، زۆر باش ئەبو، چونکە هەم ماندوێتی کەمتر دەبو هەم تێچونی کەمتری دەویست.

ئەگەر ئەم ژنانە خۆیان دۆخیان خراپ بێت، ئەوا ئەم هەمو سەردان و ئەو دۆخە داراییەی بەهۆی نەخۆشیەکەیانەوە دێتە ئاراوە، دۆخیان خراپتر دەکات.

هێرۆ حەسەن، توێژەری دەرونی، سەبارەت بە حاڵەتی دەرونی ژنانی توشبوی شیرپەنجە بۆ (نەوژین) وتی: «مرۆڤ کە نەخۆش دەکەوێت باری دەرونیشی گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە دەرون و جەستە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەتێکچونی یەکێکیان ئەویتریشیان تێک دەچێت، بۆیە باری دەرونی ئەو ئافرەتانەی کە شیرپەنجەیان هەیە بەدڵنیاییەوە زۆر نائارام دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی گەرمیان کە بە ناچاری چەندین کاتژمێر رێگە دەبڕن بۆ پشکنینێک».

> ٢١ رۆژ جارێک دەبێت سەردانی سلێمانی بکەم

# ئەو ژنە شاعیرەی بەسەر شیرپەنجەدا سەرکەوت



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەتا ئێستاش ئەو دیمەنەی وەکو مۆتەکە دێتە پێش چاو، کاتێک پزیشکەکە پێی وت توشی شیرپەنجە بویت. پەشۆکانی هاوسەر و منالەکانی بە هەواڵەکە و ئەو خەمەی لەسەر دڵی ئەوان و خۆی دا دروستی کرد، بیری ناچنەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک جێی شانازیەتی، زاڵبونی بوە بەسەر ئەو نەخۆشیەدا.**

سەروین عومەر مەولود دەروێش، ناسراو بە (سەروین دەروێش)، ٤٥ ساڵ، دانیشتوی شاری هەولێرە و خاوەنی چوار منالە. بڕوانامەی دبلۆمی پزیشکی هەیە. لە هەرزەکاریەوە شیعر دەنوسێت، لە پاڵ ئەویشدا چەندین وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکان دا بلاوکردوەتەوە.

ئەو یەکێکە لە نمونەترین ئەو ژنانەی توانیویانە بەسەر شیرپەنجەدا زاڵ بن.

سەروین، پاش هەندێک گومان، سەردانی پزیشک دەکات بۆ پشکنینی مەمکی، دواتر بۆی دەردەکەوێت توشی شیرپەنجە بوە. ئەم روداوە ئەگەرچی زۆری لە ئەو و کەسایەتیەکەی گۆڕیوە، بەڵام بەهێزتریشی کردوە.

«ئەو ڕۆژەی ئەنجامی پشکنینەکەم پۆزەتیڤ بینی، هەمو دنیا روخا بەسەرم دا». سەروین، بەمشێوەیە گوزارشت لە ساتی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەی دەکات، بەڵام ئەوەش لەبیر ناکات کە دەستبەرداری ئومێد نەبوە و هەر لەو کاتەدا داوای رێنمایی و بەرچاوڕونی لە پزیشکەکە کردوە بۆ ئەوەی چاکبێتەوە و زاڵبێت بەسەر نەخۆشیەکەدا.

ئەم ژنە شاعیرە گرێیەک لە مەمکێکی دروست بو، بەوهۆیەوە بڕاوەتەوە.

هەروەک چارەسەری کیمیایشی وەرگرتوە، بەوهۆیەوە بە ناچاری قژی لەدەستداوە.

بەڵام ئەو نەخۆشیەکەی بە عەیبە نەزانی، پێی شەرم نەبوە کە واقعێکی پزیشکیی بشارێتەوە، بۆیە وەکو پیشادانی بەهێزیی خۆی و سوربونی لەسەر بەزاندنی نەخۆشیەکە، وێنەی خۆی بە قژی تاشراوەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکردەوە.

ئەو بەهۆی چارەسەرەوە، ماوەی هەشت مانگ لە نەخۆشخانە مایەوە، بەڵام ئەم کاتەی بە فیڕۆ نەداوە و کتێبێکی زۆری خوێندوەتەوە. ئەوەنەبێت کە ئەم ماوەیەی بە ئاسانی تێپەڕاندبێت، بەڵکو ئازاری زۆری هەبوە، بەڵام نەیهێشتوە ئازارەکان چۆکی پێ دابدەن.

سەروین، باس لەوەدەکات ئەو ئەزمونە ئەوی زۆر بەهێز کردوە، هەربۆیە ئەزمونەکەی خۆی لەگەڵ ژنانی تردا بەشداری پێدەکات و پاشان لە رێکخراوێک بۆ هاوکاریکردنی توشبوانی شیرپەنجە کاردەکات، بە توشبوانیش دەڵێت: «هەرگیز کۆڵ نەدەن، بتوانن روبەڕوی هەر ئاستەنگێک ببنەوە کە دێتە رێیان».

لە سەروبەندی چارەسەر وەرگرتنی دا، (سەروین دەروێش) شیعرێکی تایبەت بەو دۆخەی خۆی نوسی کە دەنگدانەوەیەکی زۆر هەبو، پێیخۆش بو شیعرەکەی بە خوێنەرانی (نەوژین) بگەیەنێت.

بارۆکە

لە هیندستان...
(قژە ڕەش و درێژە قەترانیەکەی) کرد بە قوربانی...
من لە کوردستان بە پارەیەکی زۆر کڕیمەوە
هەروەک ئەوەی خەونی کەسێکی ترم لەئاسمانی ئارەزوەکانیدا ڕفاندبێت
بەدیاریەوە
گریام...
هەروەک ئەوەی شێرپەنجە جوانی و خەیاڵەکانمی لە قوتوی خەونەکانم هەڵپچڕی بێت
گریام...
بیر لەو ژنە هیندیە دەکەمەوە و دەپرسم:
ئاخۆ (قژێکی رەش و درێژی قەترانی)
بەرامبەر چەند ژەمە خۆراکە؟
ئاخۆ دەبێ ئەو ژنە بزانێ من و ئەو کڕیار و فرۆشیار
بۆ گیرابونی نزاکانمان لە چاوەڕوانین؟
لەپەرستگای (تریۆباتی)
لەگەڵ ئەوەی لە پەرستگاکان زۆر شت بزر دەبن
ژنێک نەزرەکەی خۆی بەجێهێنا
هاوکات نزاکانی من لەمزگەوتەکەی نزیک ماڵمان ون بون!
بارۆکەکەم دەخەمە سەرم
هەروەک سەماکەرێکی ئۆدیسی حەزم دەچێتە سەما
بە شەمەندەفەری خەیاڵ
سەفەرێک بۆ مۆمبای دەکەم
لەوێوە بۆ نیودەلهی و تاج محەل
بارۆکەکە لادەبەم
خەونەکانم بەو ژنەم ناگەیەنن
کە نازانم بۆ چەند ژەمە خۆراک
قژە رەش و درێژە قەترانیەکەی
کرد بە قوربانی!

# کتێبێک برینەکانی ژن دەکاتە قردێلەی قژی!




■ ڕێژان حەسەن

**هەندێکجار کتێبێکی شیعریی بچوک، ئەندازەی ڕۆمانێکی چوارسەد پەڕەیی پەیامی پێیە و رودا و پێشهاتەکانی کۆمەڵگا ئاوێزان بە فەنتازیای نوسەر لە وێنەی شیعریدا بەیان دەکات. رەنگە هەر ئەمەش سیحری بەردەوام بون و مانەوەی شیعر بێت.**

(مۆزەخانەی رەش)، کتێبێکی شیعری قەبارە مامناوەندە، لەنوسینی (پەروێز هوما)، نمونەی ئەم جۆرە کتێبانەیە. ئەم کتێبە لە چەندین بابەتی جیا دەدوێت و لە چاوی لاوێکی ژیرەوە سەرنجی بابەتە تراژیدی و خەمگینەکانی کۆمەڵگا دەدات. ئەما ئەوەی ئەم کتێبەی بەر سەرنجی ئێمە خستوە، هاتنە گۆی نوسەرە لەمەڕ ژنەوە، کە پانتاییەکی گەورەی کتێبەکەی داگیرکردوە.

نوسەر کە دێتە گۆ بۆ ژن، بە ڕێز و شکۆوە دەدوێت و پەنجە لە سەر دانە دانەی برینەکانی مێینەیەک دادەنێت. دژ بە یاسا چەوتەکانی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە و نەفرەت لە نێرسالاری دەکات. بە دیار ئازارەکانی ژنەوە رادەمێنێت تا لە جوانی ژن و مامەڵەی نەشیاوی کۆمەڵگا، وێنە شیعریەکانی بونیاد بنێت.

ئازیزم، وەرە با دور لەم جەنجاڵیە،
لەگەڵ باوەشێکدا،
پڕ بەڕۆحت، عەشقت پێ بدەم.
...
عاشقتم،
ئەی شاجوانی دەستبەسەر!
فیداتبم،
ئەی شەونمی کۆڵانی درکەکان!
بۆت بمرم،
ئەی بەهاری ئەتک کراو.

نوسەر لە نوسینی ئەم شیعرانەدا، ناڕاستەوخۆ پەیامێک بەو هاوڕەگەزانەشی دەدات، کە پێیانوایە بۆ ژن دەنوسن. پێیان رادەگەیەنێت: شەرم بتانگرێت و بەخۆتاندا بچنەوە کە چیدی سەرنجی دانە دانەی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەتێک بدەن، ئافرەت بە کاڵای بەتاڵکردنەوەی حەزەکانتان ببینن و وشە حەزاویەکانتانی بۆ بخەنە سەر کاغەز و ناویشی لێ بنێن «شیعر»!

> نوسەر کە دێتە گۆ بۆ ژن، بە ڕێز و شکۆوە دەدوێت

دوێنێ کچێکی گەڕەکەکەمان،
کەوتە سەرە مەرگ..
من دەمزانی یەک تۆز خۆشەویستی،
لە جیاتی ئۆکسجین.
یەک باوەشی میهرەبانی،
لە جیاتی، دەرزی.
یەک تۆز ئازادی،
لە جیاتی ئاو.
ئەوی دەژیاندەوە،
وەلێ کەسێک نەبو پێی بدات!

نوسەری لاو، لە پەیامێکی هاوسۆزی بۆ رەگەزی مێیینەش دەڵێت: «هەناسەت پڕە لە موحیبەتی بەسەرچو». لەم دێڕە کورت و پڕمانایەدا دەیەوێت ژن بەو ڕاستیە ئاشنا بکات کە پیاوان بەگشتی ناتوانن بە ئەندازەی تێربونی رۆحی ئافرەتێک سۆز وخۆشەویستی ببەخشن. ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی کات خۆشەویستی پیاوان لە کات و شوێنی خۆیدا نایەت. هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێت: خۆشەویستی درەنگ وەختیش لە بەزەییەوە نزیکترە.

لە دوتوێی (مۆزەخانەی رەش)دا، تیشکخراوەتە سەر ئەوەی لەمڕۆدا ژنان هەوڵیان داوە بۆ وشیار بونەوە، بە دروستکردنی دەستە و رێکخراو ویستویانە رێگە لە مافخوران و بێبەها کردنی لە مێژینەیان بگرن. ئەما هەنگاوی دروست بۆ وشیاربونەوەی ژنان، خۆ رۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی خودێتی تاکی ژنە تا بتوانن رێز و بەها و مافەکانی خۆیان بزانن و بپارێزن.

شێرپەنجەیەک بە ناو دەمارەکانی منیشدا
دێت و دەچێت،
ناوی پیاوەتیە!

> شاعیر شانی داوەتە ژێرباری گوناهی هاوڕەگەزەکانی

ئەم نەخۆشییە لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە،
باوکیشم لە باوانیەوە و ئەوانیش لە پێشتر، تا دەگەینەوە سەر رەچەڵەکی ئەنکیدۆ.
نەک هەر من زۆربەی تاکەکان ئەم
نەخۆشیەیان هەیە
تۆش هەتە هاوڕێ!
نەخۆشخانەی فێمینیزم،
بۆ چارەسەری ئەم شێر پەنجەیە کار
ئەکات،
وەلێ دەرمانی لێ بڕاوە!

من نازانم چۆن ئەتوانم پێناسەی شیعرەکانی لاوێک بکەم لە کاتێکدا پیاوێک لە تەمەنی باوکی ئەودایە و بە هەمو عەقڵیەتی ئەدیبانەی خۆی، لە نوسینەکانیدا ئافرەتی بەسەرکردوەتەوە، جارێک ئەندامی زاوزێی بە فستق دەچوێنێت و جارێک بە پەپولە! جارێکیش گلەیی لەخوا دەکات کە بۆچی دو ئەندامی نێرینەی پێ نەداون! وەک بڵێی بە نیازە لە گەڵ مار و دوپشکی ناو گۆڕەکەشیا جوتبێت!

کەچی ئەو بەو تەمەنە کەمەیەوە درکی بە هەمو ئەو ئازارانە کردوە لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە مێینەیەک بە دەست نێرینەوە چەشتویەتی و لە وێنەی تاوانبارێکی رەنگ زەرد و شەرمەزاردا شانی داوەتە ژێرباری گوناهی هاوڕەگەزەکانی و نێرینەبونی خۆی و سەری رێز و لێبوردنخوازی بۆ ئافرەت نەوی کردوە و دەڵێت:

تا بۆنی ژن لەسەر زەوی قڕ نەکراوە،
با لێرە بفرم.

# خەڵاتێکی تایبەت بە ژنانی نوسەر



■ نەوژین

**لەدەستپێشخەریەکدا بەمەبەستی برەودان بە نوسینی ژنان لە بوارە ئەدەبیەکاندا، خەڵاتێکی ئەدەبیی ساڵانە لە ئەمریکا و کەنەدا راگەیەنرا تایبەت بە ژنان، بڕی خەڵاتەکەش ١١٣ هەزار دۆلاری ئەمریکی دەبێت.**

ژمارەیەک لە ژنە نوسەرەکانی ئەو دو وڵاتە، بەخشینی خەڵاتێکی ساڵانەیان بەناوی (کارول شیڵدز)ـەوە راگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٢٢ـەوە بە ژنانی نوسەر دەدرێت.

ئەو خەڵاتە لەلایەن ژمارەیەک نوسەری ناسراوی ئەو دو وڵاتەوە دامەزرێنراوە کە هەندێک لەوان براوەی چەندین خەڵاتی جیهانین، لەنمونەی: مارگرێت ئاتود، جودی پیکۆ و جین سمایلی.

ژنە نوسەر: سوزان سوان، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پرۆژەی خەڵاتەکە، رایگەیاند: خەڵاتەکەیان بە تەواوی تەرخانە بۆ ژنان و هەر جارە و بە ژنە ئەدیبێک دەدرێت، لەپێناو بەرەنگاربونەوەی ئەو جیاکاریە رەگەزیەی کە بەوتەی خۆی لە بەخشینی خەڵاتە ئەدەبیەکاندا هەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد ژمارەی بەرهەمی ژنانی نوسەر هاوتایە بە هی پیاوان لەو دو وڵاتەدا، کەچی پیاوان زیاتر لە ژنانی نوسەر خەڵات دەکرێن.

ئەم هەنگاوەی ئەو دو وڵاتەی کیشوەری ئەمریکا باکور، هاوشێوەی چەندین وڵاتی دیکەیە کە خەڵاتی ئەدەبی تایبەت بە ژنانیان هەیە، لە نمونەی خەڵاتی ژنان بۆ خەیاڵی ئەدەبی لە بریتانیا، خەڵاتی ستیلای ئەدەبی لە ئوسترالیا و خەڵاتی «بریکس فیمینا»ی فەرەنسی، کە سەرجەم ئەم خەڵاتانە تایبەتن بە ژنانی نوسەر.

ئەم خەڵاتە ئەمریکی-کەنەدیە، بەناوی نوسەری ناسراوی ئەمریکی (کارول شیڵدز)ـەوە نراوە، کە ژنە نوسەرێکی ئەمریکی/کەنەدی بو و لە ساڵی ١٩٩٥ خەڵاتی پۆلیتزەری ئەدەبیی بەدەستهێنا لەبەرامبەر رۆمانەکەی دا (بیرەوەری بەرد) کە باس لە ژیانی رۆژانەی ژنێک دەکات. ئەم ژنە نوسەرە بەوە بەناوبانگە گرنگیی زۆری بە ژنان و پرسەکانیان داوە لە نوسینەکان و ژیانی رۆژانەیشی دا، بەشێوەیەک لە گفتوگۆیەکدا لە زانکۆی هارڤارد ئاماژە بەوەدەکات کە نوسین لەبارەی ژنەوە لەلای ئەو وەکو جۆرێک لە «رزگابون»ـە کە بە ژنانی دەبەخشێت پاش چەندین دەیە لە پەراوێزخستن.

> خەڵاتەکە بۆ بەرەنگاربونەوەی جیاکاری رەگەزیە لە خەڵاتە ئەدەبیەکاندا

خەڵاتەکە چەند لق و بەشێک لەخۆ دەگرێت، جگە لە خەڵاتی دارایی بۆ براوەی سەرەکی خەڵاتەکە، هاوکات براوەکە ژنە نوسەرێکی تازەدەرکەوتوش لە روی ئەدەبیەوە دەگرێتەخۆ بۆ ماوەی ساڵێک.

هەروەک بەخشینێک بە ژنە نوسەرێک لە کۆمەڵگەی کۆچبەر و پەناهەندەکانیش دەبەخشرێت.

هەروەک ئەو پێنج ژنە نوسەرەی کە بۆ لیستی کورتکراوەی براوەی خەڵاتەکە دەستنیشان دەکرێن، مانەوەیەکی کاتییان لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا و کەنەدا بۆ سازدەکرێت بەمەبەستی بەشدارییپێکردنی بۆچون و بیر و خەیاڵەکانیان لەگەڵ فێرخوازان دا.

سوان، هیوای خواست ئەم خەڵاتە ببێتە جۆرێک لە «داننانی مێژویی بەردەوام» بە دەستکەوتی ژنانی نوسەری ئەمریکی، هەروەک بشبێتە هۆی زیادبونی فرۆشی کتێبەکانی ژنانی نوسەر.

# (پاریا) دەستپێشخەرییەکی رۆژنامەوانی ژنانی گەرمیان

## سەرنوسەری رۆژنامەکە: لە روی کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە ئاستەنگمان زۆر بو

■ نەوژین

**ساڵی ٢٠٠٧ پاشکۆیەکی رۆژنامەوانی بەناوی (پاریا) دەرچو کە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی رۆژنامەوانی ژنان بون لە گەرمیان. ئەگەرچی ئەم هەوڵە پاشکۆی رۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) بو، بەڵام وەکو دەستپێشخەرییەکی تایبەتی ژنان لە بواری رۆژنامەوانی نوسراو لە ناوچەکەدا دێتە هەژمار.**

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی هێڵە گشتیەکانی کارکردنی رۆژنامەکە و ئامانجەکانی، هەروەها ئەو رۆڵ و کاریگەرییەی لەم بوارەدا گێراویەتی و هەیبوە، (نەوژین) دیدارێکی لەگەڵ: (سارا مەجید)، سەرنوسەری رۆژنامەی (پاریا) ئەنجامداوە.

* کێ رۆژنامەی (پاریا)ی دەردەکرد و چەندێک بەردەوام بو؟ ئایا هێڵە گشتیەکانی کاری رۆژنامەکە چی بون؟

(پاریا) ساڵی ٢٠٠٧ بەردەوام بو و ٥ ژمارەی لێ دەرچو. خاوەنی ئیمتیازەکەی رۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) بو و پاشکۆی ئەو رۆژنامەیە بو کە رۆژنامەیەکی سەربەخۆ بو. سەرپەرشتیار و سەرنوسەری رۆژنامەکە خۆم بوم. دەستەی نوسینی رۆژنامەکە بەگشتی هەریەکە لە: (نەسرین جەبار، هێرۆ محەمەد، ئەژین ئەحمەد و ئیمان جەبار) بون. (سامان مەجید) و (کاروان مەجید) کە برامن، دیزاینەر و تایپیستی رۆژنامەکە بون.

لە روی کارکردنیشەوە تەواو سەربەخۆبوین و دەسەڵاتی سیستەم و ئایدیای رۆژنامەکە لەلای خۆمان بو، تەنانەت رەنگە بگەڕێیت رۆژنامەیەکی ژنانی ئاوا سەربەخۆ لەکوردستاندا ئاسان دەست نەکەوێت. لەوەش گرنگتر رۆژنامەکە عەقڵێکی تەواو ژنانە دەیبرد بەڕێوە، کەتەنیا ژن خۆی لە رۆژنامەکەدا بڕیاری دەدا چی بڵێ و چی بنوسێت، ئەمەش بە مانای ژنسالاری و دژایەتیکردنی پیاو نەبو.

* ئامانج لە دەرکردنی رۆژنامەکە چی بو و توانی چەند لەو ئامانجانە بەدیی بێنێت؟

ئامانجی دەرکردنی رۆژنامەکە، لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینیەوە. یەکەم: من کە دەمنوسی دەنگی ژنان و ئازاری ژنانم دەگەیاند. دەمویست لەشوێنێک نوسینەکان بڵاوبکەمەوە رێک بە بێ سانسۆر دەنگ و ئازاری ژن بگەیەنێت. ئەمەم لەو رۆژنامانەدا نەدەبینی کە لەکوردستاندا دەردەچون. دەموت چۆن دەبێت نوسینەکانم بنێرم بۆ رۆژنامەگەلێک، کە خاوەنەکانیان هێشتا کێشەی تێگەیشتنیان هەیە لە دۆخی ژن و پرسی ژن! بۆیە بڕیارمدا خۆم رۆژنامەیەک دەربکەم، تەواو سەربەخۆ بێت و ئازاری ژن بە روتوقوتی وەک خۆی نیشاندەم.

دوەم: دەمویست تواناکانی خۆم پێبگەیەنم و خۆم ئیشیان لەسەر بکەم و نەبەم بەبەکارهێنراوی هیچ کەس و لایەنێک.

سێیەم: دەمویست پەرە بەتواناکانی ئەو کچانە بدەم، کە ماڵێکیان شک نەدەبرد تێیدا بنوسن و هاواری تێدابکەن. (پاریا) بو بە ماڵی ئەو کچانەی کە بەناوی خوازراوەوە، چیرۆکی هەوڵی خۆسوتاندن و خیانەتی هاوسەرگیری و بەزۆر بەشودانی خۆیانیان تێیدا دەگێڕایەوە. کە تا ئێستاش دەستنوسی ئەو چیرۆکانەم لاماوە، کە تەنانەت تێیاندایە لەدەربەندیخان و شارەکانی تریشەوە چیرۆکی ترازیدی خۆیان دەگێڕایەوە.

چوارەم: حەزم دەکرد هاوشانی پیاوان، ژنانێک هەبن رۆژنامەیەک دەربکەن تایبەت بێت بەدەنگی خۆیان و بۆ مێژو بمێنێتەوە لە بواری رۆژنامەگەریدا.

* تاچەند رۆژنامەکە رۆڵی هەبو لە پێگەیاندنی رۆژنامەنوس لە رەگەزی مێینە؟ تا چ رادەیەک کاریگەریەکانی دوای نەمانی خۆیشی لەم روەوە بەردەوام بو؟

ئەگەرچی ماوەیەکی کەم بەردەوام بو، بەڵام هەر ئەوکاتەش و بۆ دوای خۆیشی، (پاریا) کاریگەری هەبو لەپێگەیاندنی رۆژنامەنوسی مێینە. ئێستا کە چەندین کچ لە بواری رۆژنامەگەری و راگەیاندن و هونەردا ئیشدەکەن لە گەرمیان، ئەمە لە خۆڕا نەگەشتوینەتە ئەم کرانەوەیە. ئەمە بەرهەمی ئەو رچەشکێنیەیە کە پێشتر (پاریا) یان هەر دامەزراوە و رۆژنامە و کارێکی تری تایبەت بە ژنان کردویانە لە گەرمیاندا. کە بە ئارامی و بە نەرمی بوەتە هۆی گۆڕینی ئەقڵ و دنیابینی ئەو نەوەیە و دایکان و باوکان.

* ئەو ئاستەنگانەی لە پێش رۆژنامەکە بون، بەتایبەتی لە روە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکەوە چی و چۆن بون؟

لە روی کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە ئاستەنگ زۆربو لەبەردەم ئیشەکەدا، چونکە ئێمە باسی ١٣ ساڵ پێش ئێستا دەکەین کە هەم کچ دۆخێکی داخراوتری هەبو لە روی کۆمەڵایەتییەوە، هەمیش لە روە پیشەییەکەوە دۆخەکە قورس بو.

ئەو کاتەی دەستمان بەم پرۆژەیە کرد من خوێندکاری ئامادەیی بوم، لە روی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا خێزانەکەم و کۆمەڵگاکەم چاویان لەسەر ئەوە بو کە ئەو تەمەنە زۆرناسکە و دەبێت چاودێریم بکەن. دەبێت چەند بە زەحمەت بۆ راپۆرتێک دەرچوبێتم و چەند رێگری و ترس و لەرزم هەبوبێت؟! ئەگەرچی براکانم (سامان و کاروان) زۆر لەم هەنگاوەدا هاوکاریان کردم، بەڵام ئەمە بەس نەبو بۆ ئەوەی بڵێم من بە پشتگیرییەکی تەواو و بێ هیچ گرفتێک (پاریا)م دەرکرد.

(پاریا) جگە لە رۆژنامەگەری، دیوێکی ئەخلاقیشی وەردەگرت، کە تەنها چیرۆکی ژنانمان نەدەگێڕایەوە، بەڵکو تاکۆتایی چیرۆکەکانیشیان لە رێی سەنتەرەکانی دژبەتوندوتیژییەوە یارمەتی ئەو کەسانەمان دەدا.

زۆرجار بۆ ئامادەکردنی راپۆرت خۆم لە خوێندنگە دەدزیەوە، ئەمەش توشی کێشەی دەکردم. ئەوکاتانەش کە بۆ راپۆرت دەچومە شوێنێک، چونکە زۆرجار پارەی کرێ سەیارەم پێنەبو، هێندە خێرا رێمدەکرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ تەواوبونی کاتی دەوامدا راپۆرتەکەش تەواو ببێت و بگەمە ماڵ، قاچم توشی ئازار دەبو. من هەر بەجلی رەش و سپی مەکتەبەوە دەچوم.

ئەو کچانەی هێنابومنە پاریا و خۆم راپۆرتەکەم لەگەڵیاندا ئامادە دەکرد، زۆرجار دەچوم دایک و باوکیانم رازی دەکرد تا رێگەیان بدەن، برێک جاریش بەناوی بازاڕکردن و دەرسخوێندنەوە دەچومە شوێنیانداو پێکەوە دەچوین راپۆرتێکمان ئامادە دەکرد. یان بەهۆی رێگریەکانەوە زۆرجار بەناچاری بە تەلەفۆن راپۆرتەکانمان ئامادە دەکرد کە ئەویش تێچوی خۆی هەبو، یان پێویستمان بە ئینتەرنێت دەبو و ئینتەرنێتمان نەبو و ناچار لەلای هاوڕێ و دۆستەکان کارەکانمان رایی دەکرد.

ئەمەی ئێستا دەیگێڕمەوە، هەم گریان و هەم چێژم دەداتێ. تۆ ناوی بنێ ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، من ناوی دەنێم شۆڕش.

* یەکێک لە دیارترین کێشەکانی میدیا لەگەرمیان، بەردەوام نەبونە، ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو میدیایانەی کە تایبەتمەندن بە ژنان بڵاو ترە، بە رای تۆ بۆچی میدیای ژنان ناتوانێت بەردەوام بێت؟ بۆنمونە (پاریا) بۆ نەیتوانی بەردوام بێت؟

ژن لەنێو سیستەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەم وڵاتەدا، بە دۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت. هەر میدیایەکی ژنانیش پێویستی بە تەندروستی و هاوسەنگی ئەم سیستەمانە هەیە. لەبەر ناهاوسەنگی و نادادپەروەری ئەم سیستەمانە، ژن ئاسان ناتوانێت تا کۆتایی دەزگایەکی میدیایی تایبەت بەژنان درێژە پێبدات. بۆیە دیسان ژن ناچارە، بۆ درێژەدان بە میدیای ژنان، پشت بە پیاو ببەستێت. چونکە ئەو سیستەمانە بە پلەی یەک، لەخزمەتی پیاودان. هەر ئەم پشتبەستنە دوبارەیەی ژن بەپیاو، میدیای ژنان کۆتایی پێدێنێت. چونکە ئەو سیستەمانە پیاویان بەشێوەیەک پەروەردە کردوە، کە تائێستاش بەئەقڵی خێڵەکی لەبارەی ژنەوە دەڕوانێت. خۆبەوە نییە پیاو ئێستا رێگری ناکات ژن ئەندام پارلەمان یان شۆفێر بێت، کۆی گرفتەکە ئەوەیە، ئەوانەی دەرگای پارلەمان یان شۆفێری بۆ ژن واڵا دەکەن، تائێستاش باوەڕیان وایە ژن دەبێت بەو ئاراستەیەی ئەوان پێیان راستە لێبخورێت و بەو چەشنەی ئەوان دەیانەوێت ئەندامی پەرلەمانی فڵان حزب بێت.

هەربۆیە لێرەوە میدیای ژنان لەنێو ئەم سیستەمەدا دەبێت بە سوتو. چونکە بۆ ئەوەی ژنێک رۆژنامەیەک چاپ بکات، ناچارە لانیکەم لە روی ماددییەوە پشت بەپیاوێک، یان دەزگایەک ببەستێت. رونیشە زۆرینەی ئەو دەزگا و ناوەندە رۆشنبیرانەی کە ژنێک بیەوێت بۆ دروستکردنی میدیایەکی ژنان پشتی پێبببەستێت، خودی ئەو دەزگایانە دەکەونە ناو هەمان ئەو سیستەمانەوە کە ئیش لەسەر بچوکردنەوەی ژن دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش نمونەی پیاوی باشیشمان هەن کە ژن و میدیای ژنان رێزلێدەگرن، بەڵام کەمن.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت کە بۆ (پاریا) نەما، گرێی دەدەم بەم بابەتەوە. نەمانی پاریا پەیوەندی بە کێشەی ماددییەوە هەبو. سەرباری ئەوەش (م. لاوان ئەحمەد و م. ساڵح میروەیس) سەرنوسەر و بەڕێوبەری نوسینی رۆژنامەکە، جوانترین نمونەیەکم لێیان بینی لە رێزگرتنی تەواوەتی لەتوانای ژن، رەنگە لەکوردستاندا زۆر کەم بوبێت، چونکە زۆرینەی ناوەندە ئیعلامی و سیاسییەکان لەکوردستاندا، تا ئەوکاتە رێزی ژن دەگرن، کەبینەر و خوێنەر و پارەی پێ کۆدەکەنەوە بۆ دەزگاکەیان، هەر کە ئیشیان پێی نەما، ئیتر بیریان دەچێتەوە ئەمە ژنێک بوە و ئیشی کردون.

سەرباری هەمو شتێک، ئەمجۆرە شکۆیانەی چەشنی (پاریا) و (نەوژین)، پرشنگێکن ئەگەر خۆشیان بوەستن، دەبن بە روناکییەکی زێڕین بۆ دروستبونی دەیەها میدیای ئازای تری ژنان لە ئایندەدا. میدیاگەلێک کە دەبن بە شۆڕش و ئەو سیستەمە ناشرینە لەنگ دەکەن، کە بە لاری لە ژن دەڕوانێت.


پاریا
PARIYA
No (4) JULY 2007
رێژەی زەواج لە زیاد بوندایە
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کوشتنی ژنان تەحریم دەکات

# (روناک) چۆن بەسەر کۆرۆنادا سەرکەوت؟

■ نەوژین

**هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی خۆپارێزی کۆرۆناوە، (روناک) کەم تا زۆر بەشداریی لە جێبەجێکردنیان دا کردوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە فەرمانگەکەیەوە بێت، هەرگیز باوەڕی نەکردوە ئەو ڤایرۆسەی کە بەرەنگاری دەبێتەوە، توشی خۆیشی دەبێت.**

روناک سەڵاحەدین، ٤٠ ساڵ، دبلۆمی لە تەندروستی گشتی دا هەیە و فەرمانبەرە لە هۆبەی نەخۆشە گوازراوەکان لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، یەکێکە لەو کەسانەی کە توشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوە و توانیویەتی بەسەریدا زاڵ بێت و تێی پەڕێنێت.

لەبارەی ئەوەی چۆن توشی ڤایرۆسەکە بوە، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان لەگەڵ کارکردنیان لە هۆبەی نەخۆشیە گوازراوەکان، هاوکات لە مەرزی پەروێزخانیش دەوام دەکەن، لەوێ لە پاڵ کاری دیکە، سەرپەرشتی پرۆسەی رشتنی دەرمانی پاکژکەرەوەی کردوە بە ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان بۆ پاککردنەوەیان لە ڤایرۆسی جۆراوجۆر. گومان دەکات لەوێوە توشی نەخۆشیەکە بوبێت، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی تریش لە هاوکارانی هەر لەوێ توشبون.

چەند نیشانەیەک لە (روناک) دا دەردەکەون کە ئاماژەن بۆ نەخۆشیەکە، ئەگەرچی وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات نیشانەکان وەڕسکەر نەبون، بەڵام بەهۆی ترس لە توشبونی دو مناڵەکەی، پشکنینی ئەنجامداوە و دەرکەوتوە پۆزەتیڤە.

ئەگەرچی ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیە، بەوپێیەی هەمو رۆژێک رێژەی توشبوان لە هەرێم و گەرمیان زیاد دەکات، بەڵام تا بەرواری (٢٠٢٠/٦/٢٥)، ژمارەی توشبوان لەگەرمیان (٥٤٧) کەس بوە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی.

لەبارەی هەستی خۆی کاتێک بۆی دەرکەوتوە توشبوە، (روناک) باسی لەوەکرد زۆر نیگەران بوە، بەڵام چاوەڕوانکراویش بوە، ئەوەیشی بوەتە مایەی دڵدانەوەی، سەلامەتی هاوسەر و منالەکانی بوە.

ئەو ژنە پاش دەرچونی دەرەنجامەکە، خۆی لە ژورێکی ماڵەکەیاندا لەکەلار کەرەنتینە دەکات، تێکەڵی خێزانەکەی نابێت و هەمو رێنماییە تەندروستییەکان بە باشی جێبەجێ دەکات. نانی تەندروست دەخوات و ئاو و شلەمەنی پێویست دەخواتەوە، هەندێک دەرمانی کەم بەکاردەهێنێت کە زۆرتر ڤیتامینەکان بون و دەرمانی دیکەی بەکارنەهێناوە.

ئەو باس لەوەدەکات هەستێکی زۆر ناخۆش بوە کە بەناچاری لە ژورێکی ماڵەکەی دا خۆی قەتیس بکات و تەنانەت نەتوانێت بەرخوردی لەگەڵ منالەکانیشی دا هەبێت، بەڵام نەیهێشتوە ئەم خەمە بێهیوای بکات و پابەند بوە بە رێنماییەکان و لەماوەی کەمتر لە ٢ هەفتەدا توانیویەتی چاک ببێتەوە.

لەم ماوەیەشدا هاوسەرەکەی هاوکارێکی زۆری بوە و بەکاری ئەو و منالەکانیشدا راگەشتوە و نەیهێشتوە کەلێنێک دروست ببێت.

بەپێی رێنماییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، یەکێک لەو بوارانەی کار لە سەر نەخۆش بەگشتی دەکات و بەتایبەتی ئەوانەی کۆرۆنا، لایەنی دەرونیە، ئێستاش دەستەواژەگەلی تازە لەمڕووەوە داهاتون کە ئاماژەن بۆ تۆقین و ترسی زۆر لە توشبون بەم ڤایرۆسە، کە ئاکامی ئەم ترس و تۆقینە زۆر خراپ دەشکێتەوە.

وەک ئەو ژنە فەرمانبەرە ئاماژەی بۆ دەکات، دڵەڕاوکێ و قەلەقی لەو شتانە بوە کە ناڕەحەتی کردوە، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبونی هەر توشبویەکی تر رەوشەکەش هێندەی تر لەلای ئەو ناخۆش و قورس بوە. لەم نێوەندەشدا هەواڵی مەرگی هاوڕێیەکیان پێگەیاندوە کە پێکەوە لە فەرمانگە کاریان کردوە، ئەویش بەهەمان ڤایرۆس توشبو بو، ئەم هەواڵە زۆر ناڕەحەت و خەمباری کردوە.

بەڵام وەکخۆی هێمای بۆ دەکات، لێنەگەڕاوە بیرە سلبیەکان بەسەریدا زاڵ بن و بەئومێد بوە بۆ تێپەڕاندنی، سوپاسگوزاری خوا و هاوسەر و منالەکانی و هەمو ئەو کەسانەیە رێنمایی و هاوکاریی و پرسیاریان لەبارەیەوە کردوە و بەهۆکاری تێپەڕاندنی ئەم نەخۆشیەیان دەزانێت.

> پابەندی رێنماییەکان بن و خۆتان لە تۆقین بەدور بگرن

(روناک) رێنمایی هەر توشبویەکی کۆرۆنا دەکات، کە پابەندی تەواوی رێنماییەکان بن و هەوڵیش بدەن ئارام بن و خۆیان لە ترس و تۆقین بەدور بگرن «بەوشێوەیە دەتوانن بەسەر نەخۆشیەکەدا زاڵ بن».



# تامێسکەی کۆئەندامی زاوزێ

■ نەوژین،
ئامادەکردنی: دیمەن ئیسماعیل

**تامێسکە، یەکێکە لە نەخۆشیە ڤایرۆسیە درمەکان کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵێک دەبێت ناسراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا ناوێکی تازەی لێنرا چوە ناو کتێبە زانستیەکانەوە.**

ئەم ڤایرۆسە سەر بە خێزانی هێرپسە و دو جۆری هەیە، یەکەمیان: herpes simplex virus type ١، ئەم جۆرەیان زیاتر تامێسکی چاو و مێشکی لێدەکەوێتەوە دەکات. جۆری دوەمیان herpes simplex virus type ٢، ئەم جۆرەیان توشی کۆئەندامی زاوزێ دەبێت. لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دا، ٥٠٪ خەڵک لە دەم دا تامێسکە دەردەکەن. لە ١٥.٥٪ لە تەمەنی (١٤-٤٩) ساڵی دا لەجۆری دوەم واتە لە کۆئەندامی زاوزێ توش دەبن.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتیە لە: دروست بونی کێم، خوران و کزانەوە، ئازار، گەورەبونی گرێکە، ئازار لەکاتی میزکردن کاتێک لە کۆئەندامی زاوزێ دروست دەبێت، بەرزبونەوەی پلەی گەرمی (تا)، هەست کردن بە ناساغی باری تەندروستی، سوربونەوە و «تۆقڵەکردن» لەسەر پێست.

هۆکاری توش بون بەم نەخۆشییە جیاوازە، لەوانە: شلەژانی زۆر، بەرکەوتنی زۆری هەتاو، زۆری سوڕی مانگانە، هەندێکجاریش پاش هەڵامەت دروست دەبێت.

تامێسکە نەخۆشیەکی گوازراوەیە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە لە رێگای (ماچ کردن، دەست لێدان لە شوێنی برینەکە، جوتبون و سەرجێیی کردن). لەوانەیە لە دایکەوە بۆ کۆرپەلە بگوازرێتەوە، بۆیە ئەگەر کەسەکە دوگیان بو، پێویستە پزیشکی لێ ئاگادار بکاتەوە و پشکنینی خوێن بکرێت و چارەسەری هەردوکیان بکرێت.

ئەگەر ژنەکە پێشتر توش بوبێت و لە سەرەتای دوگیانی دا دیسان توش بوبێتەوە، ئەوا مەترسی نییە بۆ کۆرپەلە، چونکە جەستەی دایکەکە زو دژەکەی دروست دەکات و لە رێی وێڵاشەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆرپەلە، بۆیە لەکاتی لە دایکبونی کۆرپەلەدا منالەکەش دژەکەی وەرگرتوە. بەڵام بەگشتی واباشە لەکاتی بونی حاڵەتەکەدا سەردانی پزیشک بکرێت بۆ دڵنیابونەوە.



چارەسەرەکانی ئەم حاڵەتە، هەندێکی خۆپارێزین و هەندێکی تریش چارەسەری پزیشکی و سروشتین. لەو روەوە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە پێویست و باشە:

١. لەکاتی توشبونی سەرەتایی، ئەوا رەگەزی بەرامبەر بۆ جوتبون کۆندۆم بەکاربهێنێت.
٢. ئەگەر نیشانەکان دەرکەوتن نابێت جوتبون بکرێت.
٣. نابێت ماچ بکات ئەگەر لە دەم دا بو.
٤. لەناو حەوزێکی پڕ لە ئاو و کەف و خوێ، رۆژانە ٢٠ خولەک دانیشێت.
٥. دەستی بەرنەکەوێت.
٦. نابێت بە توندی ببەسترێتەوە.
٧. ئەو بلقەی دروست بوە بەهیچ جۆرێک مەیتەقێنە یان کونی مەکە.

چارەسەری تامێسکە لەڕێی دەرمانەوە دەبێت زۆرجار پزیشکەکان دەرمانی (acyclovir) بەکاردەهێنن بۆ رێگری لە تەشەنەکردنی نەخۆشیەکەو کەمکردنەوەی ئازارەکان و نیشانەکان، بەڵام ئەم دەرمانە و هیچ دەرمانێکی تر، بەبێ راوێژی پزیشک بەکارمەهێنە، چونکە بەپێی حاڵەتەکان چارەسەرەکانیش دەگۆڕێن.

> تامێسکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە

# گفتوگۆیەک لەبارەی رەوشی رۆژنامەوانی مێینە لەگەرمیان



■ نەوژین

**ژمارەیەک رۆژنامەنوس و نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، خوێندنەوە بۆ دەرەنجامی راپرسیەکی رادیۆی دەنگ دەکەن کە لە بارەی رەوشی رۆژنامەوانی مێینە لەگەرمیان ئەنجامی دابو.**

لە سەروبەندی رۆژی رۆژنامەوانی کوردیی، (رۆژنامەی نەوژین) و (یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ) کە دو پرۆژەی رادیۆی دەنگن، راپرسیەکیان لەنێو رۆژنامەنوسانی مێینە ئەنجامدا، بەمەبەستی تیشکخستنەسەر ئەو ئاستەنگ و ئالەنگاریانەی دێتە پێشیان. لە راپرسیەکەدا کە ١٥ رۆژنامەنوس لە رەگەزی مێ بەشدار بون زۆرینەیان باس لەوەدەکەن بەهۆی پیشەکەیانەوە روبەڕوی ناوزڕاندن و ئاستەنگ بونەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی رەها دڵخۆشن بە کارەکەیان و نایانەوێت دەستبەرداری بن.

زۆرینەی رۆژنامەنوسان لەو راپرسیەدا باسیان لەوەکردوە کەبەهۆی پیشەکەیانەوە هەوڵی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیان دراوە، بەشێوەیەک هەڵبژاردەکانی (تاڕادەیەک) و (زۆر)، پێکەوە هەڵبژاردەی ٦٤٪ی بەشدارانە، لەبەرامبەردا ٣٦٪ رۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن هیچ کاتێک روبەڕی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتی نەبونەتەوە.

هەروەک راپرسیەکە داوای لە دەزگاکانی راگەیاندن کردوە دەرفەتی بەشداریی فیعلی بۆ ژنان برەخسێنن لە وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتی لە دەزگاکان دا، هەروەک داوای لە رێکخراوەکانیش کردوە پاڵپشتی رۆژنامەنوسانی مێینە بن لەبەرامبەر هەڵمەتی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیان دا.

بەمەبەستی گفتوگۆی زیاتر لەبارەی دەرەنجامی ئەو راپرسیەوە، رۆژی ٢٠٢٠/٥/١٤، گفتوگۆیەک لە هۆڵی رادیۆی دەنگ بەڕێوەچو، بە بەشداری رۆژنامەنوسان: (شنە محەمەد، لەیلا ئەحمەد، نیگار عومەر و پەرژین کامەران)، هەروەها (دلێر کەریم) بە نوێنەرایەتی نوسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان.

لەو گفتوگۆیەدا، باس لە دیارترین ئەو دەرەنجامانە کرا کە راپرسیەکە خستویەتیەڕو، بەتایبەتی سێ تەوەر، یەکەمیان: کەمی ژنان لە پۆستە جیاوازەکانی دەزگا راگەیاندنەکان و زۆر دەرنەکەوتنیان لەو روەوە. دوەم: جیاکاری رەگەزیی و رۆڵی لە کەم هاتنەپێشەوەی ژنان لە دەزگاکان. سێیەمیش: رێوشوێنەکانی مامەڵەکردنی رۆژنامەنوسان لەکاتی هاتنەپێشەوەی کێشەکان و رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنوسان لەوبارەیەوە.

بەپێی راپرسیەکەی (رۆژنامەی نەوژین) و (یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ)، لەبارەی هەستکردن بە بونی جیاوازی رەگەزیی لە کارکردن دا، ٤٧٪ی رۆژنامەوانانی مێینە لە گەرمیان دەڵێن هیچ یان کەم هەست بە جیاکاری دەکەن، بەڵام ٥٣٪ بە رادەی جیاواز هەست بە جیاوازی رەگەزی دەکەن لەکارەکانیان.

لە ژێر رۆشنایی ئەم دەرەنجامەدا، لە گفتوگۆکەدا باس لەوەکرا بەشێک لەو کێشە و ئالەنگاریانە پەیوەندیی هەیە بە عەقڵیەتی پیاوسالاریی و پێنەدانی دەرفەتی ئەوتۆ بە ژنان لە سەرجەم کایەکان بەگشتی، بەشێکیشی پەیوەندی هەیە بە رۆتینی کارکردنی دەزگاکان و هەوڵنەدانیان بۆ برەودان بە لایەنی راگرتنی باڵانسی جێندەری، هەروەک بەشێکی تریشیان پەیوەندی بەخودی پیشەی رۆژنامەوانیەوە هەیە لە دەڤەرەکە کە بە باشی پێنەگەیشتوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی پەیوەندی بە هۆکاری خودییەوە هەیە لەلای رۆژنامەنوسانی مێینە.

> دەبێت برەو بە ئاستی بەشداریی رۆژنامەوانانی مێینە بدرێت

هەروەک لە گفتوگۆکەدا تاوتوێی ئەوەشکرا چۆن بتوانرێت بەشداریی و کارایی ژنان لە بواری رۆژنامەوانی دا زیاتر بکرێت؟

لەمڕووەوە بەشداران هەریەکە و بۆچونی خۆی خستەڕو، لە نێو بۆچون و را پێشنیازکراوەکانیش دا، دەستپێشخەریی رێکخراو و سەندیکا و لایەنە بەرپرسەکان بە بواری رۆژنامەوانی بۆ دەزگا راگەیاندنەکان لەبارەی گرنگییدان بە پرسی راگرتنی باڵانسی رەگەزیی و نەکردنی جیاکاریی رەگەزیی بە گرنگ زانرا.

هاوکات جەختکرایەوە لە پێویستی ئەنجامدانی چالاکی دیکەی هۆشیاری و هەڵسەنگاندن، لەنمونەی: کردنەوەی خول، ئەنجامدانی راهێنان و وۆرکشۆپ، بەمەبەستی برەودان بە ئاستی بەشداریی و رۆڵگێڕانی رۆژنامەوانانی مێینە لە بواری رۆژنامەوانی دا چ لەسەر ئاستی گەرمیان و چ لەسەر ئاستی هەرێمیش.

# چۆنیەتی چارەسەرکردنی درۆ لای هەرزەکاران



■ نەوژین،
وەرگێڕانی: نازەنین گۆران

**درۆکردن وەکو دیاردەیەکی نەشیاوی کۆمەڵایەتی، لەلای مرۆڤ دا لە هەمو قۆناغەکانی تەمەن دا بونی هەیە، هەریەکە لەو قۆناغانەش، هۆکار و پاڵنەری خۆی هەیە، وەکچۆن چارەسەری خۆیشی هەیە.**

لەم بابەتەدا ئەوە روندەکەینەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ درۆی کەسانی هەرزەکار دا بکرێت و کۆتایی پێبهێنرێت.

*** رۆڵی دایک وباوک**

پێویستە دایکان و باوکان سنورێک بۆ درۆکردنی هەرزەکاران دابنێن، ئەمەش لەرێگەی دیاریکردنی هۆکاری درۆکە و چارەسەرکردنی بە زوترین کات، لەگەڵ پێدانی هەل بۆ سەرکەوتن لەپرۆژە جیاوازەکان، چونکە وادەکات کەسەکە متمانەی بەخۆی هەبێت.

پێویستە دایک و باوک هەمیشە لەسەر باشیەکانی راستگۆیی و خراپیەکانی درۆ لەگفتوگۆدابن لەگەڵ منداڵە هەرزەکارەکانیان، بۆ ئەوەی بزانن ئەگەر هەر شتێک رویدا پێویستە راستگۆبن، فێریان بکەن کەبێدەنگی و ئارامی و راستگۆیی کێشەکان چارەسەردەکەن.

*** رۆڵی پیشەیی بۆ چارەسەرکردنی درۆ لای هەرزەکار**

ئەگەر هاتو دایک و باوک نەیانتوانی چارەسەری درۆ بکەن لەمناڵەکەیان دا، پێویستە بیبەن بۆ لای کەسێکی شارەزا کە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی دا و بتوانیت قەناعەتی پێبکات لەسەر درۆ نەکردن.

*** ئامۆژگاری بۆ چارەسەرکردنی درۆ**

١. پاپەندبون بە وتنی راستیەکان و دورکەوتنەوە لە درۆ.
٢. پێزانینی نرخی راستگویی و رونکردنەوەی سزاکانی درۆکردن.
٣. قبوڵنەکردنی بیانو بۆ درۆکردنەکە، چونکە درۆکردن هەڵسوکەوتێکی قبوڵکراو نیە.
٤. راهێنانی منالان لەدوربون لە درۆکردن، یاخود کە درۆکەیان کرد پێویستە داوای لێبوردن بکەن.
٥. بەکارهێنانی رەفتاری ئارام لەگەڵ ئەو کەسانەی درۆ دەکەن، واتا بەشێوەیەک رەفتارنەکەی کەبترسن لەوەی راستیەکان بڵێن و ناچاربن درۆ بکەن.
٦. کارکردن لەسەر سوپاسکردنی منالەکەت کاتێک راستی دەڵێت.
٧. سزانەدانی هەرزەکاران کاتێک کارێکی هەڵە دەکەن، پێویستە لەبری سزاکە هەوڵبدەیت چارەسەری کێشەکەی بکەی، بۆ ئەوەی جارێکی تر متمانەت پێبکات و راستیەکانت بۆ باس بکات.
٨. دوربون لە هەڕەشە، واتا ناکرێت لەبەر ئەوەی منالە هەرزەکارەکەت درۆیەکی کرد و بۆی باسکردی، تۆ هەڕەشەی لێ بکەی.
٩. هەندێک لەهەرزەکاران درۆ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی گرنگیپێدانی دەوروبەریان، بۆ ئەوەش هەڵدەستن بەدروستکردنی چیرۆکی خەیاڵی، بۆیە پێویستە دایک وباوک خۆشەویستیەکی زۆر ببەخشن بەمناڵەکانیان، جونکە ئەوکات ناتوانن بەئاسانی درۆیان لەگەڵدا بکەن.

سەرچاوە: سایتی (موضوع)

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دا دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە
تەلەفۆن:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper
دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

# لە باشترینی ڤیستیڤاڵی کەرکوکەوە بۆ درامای (بەختەباران)



■ نەوژین، زریان محەمەد

**ژمارەی ئەو کچانەی لەگەرمیاندا کاری هونەری دەکەن، بەرچاون، بەڵام رەنگە کەسیان بە قەدەر (ژینۆ) بەشداریی و چالاکی و دەرکەوتنیان نەبوبێت، ئەو لە یەک کاتدا لە شانۆ و شانۆی سەرشەقام و کورتە فیلم و دراماکانیشدا رۆڵ دەگێرێت، خەڵاتکردنەکانیشی پیشانی دەدات ئاستی لە چ قۆناغێک دایە.**

ژینۆ سەرتیپ، (٢٣) ساڵ، لە دایکبوی قەزای کفریە و هەر لەو شارەش بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی تەواو کردوە، پاشان بە خێزانەوە رویان لە شاری سلێمانی کردوە و لەوێ گیرساونەتەوە.

ئەو لەکاتی پەیمانگا و دواتریشی دا، لەو کاتەی لە گەرمیان ژیاون یان لە سلێمانی، بەشدارێکی چالاکی کارە هونەرییەکان بوە.

لە میانی بەشداربونی لە پێنجەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی شەقام لە کەرکوک، بە رۆڵ بینینی لە شانۆیی (کێ باوکمە؟)، خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەری فیستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا.

ئەو بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەر لە شانۆی (کێ باوکمە؟) بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «ئەو خەڵاتەی کە بە دەستمهێنا وەک کچە ئەکتەرێک، ئیشێکی شانۆی شەقام بو کە یەکەم ئیشی دوای تەواوبونم بو لە پەیمانگا، کاتێک دەرهێنەری شانۆکە پێی راگەیاندنم کارێکی لەو شێوەیان هەیە، پێمخۆش بو ئەو رۆڵە وەربگرم».

وتیشی: ئەو شانۆیە باس لە ئازار و خەمەکانی کچێکی ئێزیدی دەکات و چیرۆکێکی کاریگەر و بەهێزە، هەربۆیە کە بەشداریمان کرد لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی کەرکوک/خولی حسێن میسری، خۆ شبە ختا نە توانیم پلەی یەکەمی باشترین کچە ئەکتەر بەدەستبهێنم.



لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە هەستی بە چی کردوە کاتێک لەنێو ئەو هەمو ئەکتەر و بەشداربوە دا بانگ کراوەتە سەر شانۆ و خەڵاتی یەکەمبونی پێبەخشراوە؟

ژینۆ، بە روخسارێکی پڕ لە خەندەوە وتی: هەستێکی زۆر تایبەتم هەبو کە توانیم لە نێو ئەو هەمو تیپەی شار و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش دا کە بەشداربون لە فیستیڤاڵەکە، پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، تەنانەت هەستێکە هەرگیز بۆم پێناسە ناکرێت، چونکە ماندوبونی چەند ساڵەم بەدی کرد.

بەردەوام بو و وتی: «کاتێک لیژنەکە لەسەر شانۆ وتیان خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بەخشرایە (ژینۆ)، ئەوکات هەستم بەوە کرد هەوڵ و ماندوبونەکانم بە زایە نەچوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شانۆیە دەرگایەکی گەورەی بۆ من کردەوە کە بتوانم بەشداری کاری گەورەتر بکەم».

کردنەوەی دەرگا بە روی بەشداری ئەم کچە ئەکتەرە، لەکاتێکدایە کە بەشداریی کچان لەکاری هونەریدا تائێستاش لە کوردستاندا زۆر ئاستەنگی دێتە پێش، بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەکو گەرمیان، دوانمونەش لەمبارەیەوە ئەو هەڵایە بو کە بەهۆی شانۆگەری (وەرن ببین بە سەگ) لە وەرزی شانۆیی گەرمیان لەمساڵدا دروست بو و زانایانی ئاینی دژی وەستانەوە.

ژینۆ، وایدەبینێت ئەو روبەڕوبونەوانە وادەکات ئەوان مکوڕتر بن لە ئەنجامدانی کاری هونەری. لەوبارەوە دەڵێت: «ئەو بەریەککەوتنانەی کە رو دەدەن بە بەردەوامی لەسەر شانۆ، نەک منی ساردنەکردوەتەوە، بەڵکو سورتر و سەرسەختتری کردوم کە لە بوارەکەی خۆم زیاتر هەوڵ بدەم و باشتریش بەرەوپێشەوە بچم.

پێیشیوایە ئەوەی گرنگە بۆ کچانی هونەرمەند لەمڕوەوە، لە پاڵ باوەڕبونی قوڵ و مکوڕبون لەسەر هونەر و پەیام و کاری هونەریی، هاوکات بونی پاڵپشتییە بەتایبەت لەلای خێزانەکانەوە.

لەبارەی ئامادەگیی ئەو پاڵپشتییە لەلای ئەو، (ژینۆ سەرتیپ) وتی: خێزانەکەم هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی منن، نەک تەنها لە ئێستادا، بەڵکو لە رابردوشدا هەر وا بون، چونکە ئەگەر پاڵپشتی خێزانەکەت نەبێت لەم کۆمەڵگەی ئێمەدا بە زەحمەت بە ئامانجەکانت دەگەیت.

> خێزانەکەم هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی منن

> کە بومە براوەی خەڵاتی یەکەم هەستم کرد هەوڵەکانم بە زایە نەچوە

دوایین بەشداریی (ژینۆ)، لە درامای (بەختە باران)دا خۆی بەرجەستە دەکات، کە ئەمەش یەکەم جار نیە بەشداریی لە زنجیرە درامادا بکات و ئەزمونی بەشداریی پێشتری هەیە.

لەوبارەشەوە باس لەوەدەکات کە بەشدارییکردن لەم درامایەدا ئەزمونێکی پڕ و جیاواز بوە و دەخوازێت لە داهاتودا پەرەی پێبدات.

هەندێک وایدەبینن چونە پێشەوە و دەرکەوتن بۆ کچان ئاسانترە وەک لە کوڕان، بەڵام بە رای (ژینۆ) بەهۆی رێگرە کۆمەڵایەتیەکانەوە بارەکە بۆ کچان سەختترە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بە هەوڵدانی بەردەوام دەکات و پێیوایە «هیچ شتێک بە بێ هەوڵدان بەدەست نایات».

ئەو دوا پەیامی خۆی ئاراستەی ئەو کچانە کرد کە خاوەنی خولیایەکن، وتی: «رێنمایم بۆ ئەو کچانەی کە دەیانەوێت ئەو خولیایەی کە هەیانە لە هەر بوارێک دا بێت بە دەستی بهێنن، پێویستە ٣ شت بکەن، ئەوانیش: هەوڵدان، بڕوا بەخۆبون و گوێ نەدانە بە قسەی خەڵکی، ئەگەر ئەوەیان کرد دڵنیابن سەرکەوتو دەبن، وەک چۆن من ئەوەم کردوە».